**پێشەکی...**

ئەم لێکۆڵینەوەیەم لە بارەی ئاوازی شیعرەکانی (نالی)ی شاعیرە، مەبەست تێیدا دەرخستنی ئەو بنیاتە ئاوازەییەیە کە ئەم کەڵە شاعیرە شیعرەکانی پێ ڕازاندۆتەوە و لە ڕێگەیەوە دیوانەکەی پێ نەمر کردووە، لێکۆڵینەوە لە بارەی شیعری شاعیران بە گشتی و شیعری نالی بە تایبەتی نەبووە و نابێتە مایەی سنووردارکردن و داخستنی دەرگای لێکۆڵینەوەی تر لەم بارەیەوە بەڵکوو هەر لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام دەدرێت لە بارەیانەوە هۆکارێکە بۆ دووبارە گیان بەبەردا کردنی شیعرەکانیان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بەم ناونیشانەوە:**

هۆی هەڵبژاردنی ئەم باسە زیاتر و زیاتر بۆ ئەو چێژە ئەگەڕێتەوە کە لە شیعرەکانی نالی بینیومە، شکیشی تێدانییە و زۆرینەی نووسەران هەمڕان لەسەرە ئەوەی کە چێژی شیعرەکانی نالی بۆ ئەو بنیادە ئاوازەییە دەگەڕێتەوە کە تێکستەکانی لەسەر هۆنیوەتەوە، لە لایەکی ترەوە لێکۆڵینەوەیەکی وەها هۆکارێکە بۆ زیاتر ئاشنا بوونم بە شیعرەکانی ئەم شاعیرە و توانستی تێگەشتنم لێیان زیاتر دەکات، هەر بۆیە هەوڵم داوە بە شێوەیەکی ورد و تۆکمە ڕۆبچمە نێو دیوانەکەی تا بتوانم حەقی باسەکەم بدەم.

**میتۆدی نووسینەوەی باسەکە:**

سەبارەت بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەم ڕێبازی وەسفی شیکاریم گرتۆتە بەر بۆ کارکردن لەسەر ئەم بابەتە.

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

سەبارەت بە گیروگرفتێک کە ڕێی پێتەنگ کردم ناتوانم دەقاودەق شتێکی وا بخەمەڕوو، تەنها ئەوە نەبێت کە زیاتر لە ئەنجام دانی ئەم باسە پشتم بە سەرچاوەی عەرەبی بەستووە و ئەو سەرچاوە کوردیانەش کە بەکارم هێناون زیاتر نامەی ئەکادیمیی بوون نەک کتێب بە تایبەت لە بەشی تیۆری باسەکە، واتە تەنها دەتوانم بڵێم کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی لەسەرە ئەم باسە تەنها گرفتێک بووە.

ڕیزبەندی بابەتەکان:

بە شێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەکەم بەسەر دوو بەش دا دابەش کردووە:

**بەشی یەکەمی** کە تیۆرییە و لە دوو تەوەر پێک دێت، تەوەری یەکەم (پێناسە و بەهای ئاواز) لە شیعردا بە شێوەیەکی گشتی لە خۆ دەگرێت و تەوەری دووەم باس لە (ئاستەکانی ئاوازی شیعری) دەکات.

**بەشی دووەم** کە پراکتیک کردنی بەشی یەکەمە لە شیعرەکانی نالی دا و لە دوو تەوەر پێک دێت، تەوەری یەکەم خستنەرووی (ئاستی دەرەوەی ئاوازی شیعرەکانی نالی)یە، و تەوەری دووەم (ئاستی ناوەوەی ئاوازی شیعرەکانی نالی) لە خۆ دەگرێت، دوابەدوای ئەم دوو بەشەش ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەم و لیستی سەرچاوەکان دێت.

**بەشی یەکەم**

**تەوەری یەکەم  پێناسە و بەهای ئاوازی شیعری**

یەکێک لە لایەنەکانی جوانیی شیعر ئاوازی شیعرییە، کە هەمیشە مایەی تێرامان و لێکۆڵینەوەی نووسەر و ڕەخنەگرەکان بووە، چوونکە ((**مۆسیقا یەکێکە لە پێکهاتە ئێستاتیکی و ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعر**)) [1] و ((**هەر لە کۆنەوە شیعر بەوە جیاکراوەتەوە لە ژانرەکانی تری ئەدەب کە شیعر لە ڕێگەی چنینێکی تایبەتی کەرەستە زمانییەکانەوە دەبێت هەڵگری ئاوازێکی تایبەت بێت**)) ٢، هەروەها ئاواز بە خاڵی پەیوەندی نێوان دەقی شیعری و دەروونی خوێنەر یان گوێگر دانراوە، دکتۆر سلێمان جبران دەڵێت ((**شیعر چەند لایەنێکی جوانیی تێدایە، خێراترینیان بۆ پەیوەندی کردن بە دەروونەوە بوونی زەنگی دەنگەکانە لە دووبارە بوونەوەی پارچەکان و بەدوایەکهاتنی بڕێکی دیاری کراو لەو دەنگانە کە ئاوازی شیعری پێک دێنن**)) ٣ شیعر هەر لە سەرەتای داهاتنییەوە ئاواز بەشێک بووە لێی و ڕەگەزێکی جیاکراوە نەبووە بەڵکوو ئاواز بناغەی درووست بوونی شیعر بووە، ئێمە ئەگەر سەرنجێ بدەینە ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ لەم بارەیەوە کە دەڵێت ((**کاتێک مرۆڤە کۆنەکان لاساییکارێک بوون بە پێی سروشتی خۆیان، وە بەدەم تێبینی و لاساییەوە چوون و حەزیان بە زانین هەبووە، وە مەیلیان بە لای ئاوازدا ڕۆییوە، هەندێکیان لە سەردەمە بەسەر چووەکان دا توانیویانە شیعر بە شێوە سادەکەی دەرببڕن، دواتر پەرەیان پێداوە و بەرە بەرە چاکیان کردووە، تا گەشتوون بە هونەری ڕاستی شیعر**)) ٤ دەبینین ئەرستۆ ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ دەکات بۆ درووست بوونی شیعر:

١.حەزی لاسایی کردنەوە، بێ گومان پەیوەندی نێوان شیعر و لاسایی کردنەوە لاسایی کردنەوەی دەنگە سرووشتییەکانە.

٢.مەیل کردنی ئاواز، مەبەست ئاوازی ئەو دەنگە سرووشتییانەیە.

ئاواز پێگەیەکی گرنگی هەیە لە بنیاتی دەقی شیعری دا، مامۆستا عزالدین سابیر زیندوویی

---

١.ئاسۆ عومەر مستەفا  بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران  نامەی ماستەر  زانکۆی سلێمانی  ٢٠٠٧.ز  لا ٧٢  بڵاو نەکراوە.

٢.ئاوات حسن والی  چەمکی شانازی لە شیعرەکانی نالی دا  نامەی ماستەر  زانکۆی سلێمانی ٢٠١٥.ز  لا ١٤٧  بڵاونەکراوە

٣.سليمان جبران  شبه نقريه للايقاع و تگوره فی الشعر العربی  موقع الحوار المتمدن  ٢٠١٣.م ص ١ (http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp؟aid٣٧٥٤٥٨)

٤.د. ابراهيم حماده  كتاب أرسگو فن الشعر  مكتبه الانجلو المصريه  قاهره  ١٩٧٧.م  ص ٢٦

شیعر لە بوونی مۆسیقادا دەبینێت کاتێک دەڵێت ((**شیعر بە بێ مۆسیقا وەکوو لاشەیەکی بێ گیان وایە، بۆیە بە ڕەگەزێکی سەرەکی شیعر دادەنرێت و شیعر لە ڕێگەی ئاوازەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر درووست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی چێژی پێ ببەخشێت**)) ٥

هەروەها هۆراس وای دەبینێت کە ((**دەقی شیعری دەبێت سیحرێکی تێدا بێت بۆ پەلکێش کردنی گوێگر**)) ٦، لە شیعر دا ئەبێت چ سیحرێک بوونی هەبێت جگە لە مۆسیقا و ئاواز؟!

لە کۆندا نووسەران تەنها ئاوڕیان لە کێش و سەروای شیعر دەدایەوە و وەک لایەنی مۆسیقای شیعری لێیان دەڕوانین وەک لە زۆرێک لە پێناسەی نووسەران بۆ شیعر دا دەردەکەوێت، یەک لەوانە قودامەی کوری جەعفەر کە بە لای ئەوەوە ((**شیعر ئاخاوتنێکی کێشکراو و سەروادارە و واتا دەگەیەنێت**))٧، هەروەها د. عمر خلوف دەڵێت:

((**شیعر ئاخافتنێکە شەپۆلێکی شاراوە لە ئاواز بە نێو وشەکانی دا تێدەپەڕێ کە لە پەخشانی جوودا دەکاتەوە، ئەو شەپۆلی ئاوازە لە نیوەدێرەکاندا دووبارە دەبنەوە بە شێوەیەکی تەریب ئەگەرچی وشەکانیش دەگۆڕێن**)) ٨، ئەگەرچی لەم پێناسەیەی د.عمر خلوف بە ڕوونی باسی کێش و سەروای تێدا نییە، بەڵام ئاماژە بۆ دووبارە بوونەوەی شەپۆلی ئاوازەکان بێ گومان پەیوەستە بە هەنگاوەکانی کێشی عەرووزی.

خوودی شاعیرانیش کێش و سەروایان بەلاوە زۆر گرنگ بووە وەک ڕەگەزێکی دەقی شیعری، بۆیە دەبینین لە شیعری هەندێک لە شاعیران ئاماژە بۆ کراوە بە نمونە کاتێک نالی دەڵێت:

وەرە سەیری خیابان و بەیازی دەفتەری نالی
کە سەف سەف مەسرەعی بەرجەستە ڕیزی سەروی مەوزونە ٩

لەم دێرەدا نالی بە ڕوونی ئاماژە بە بوونی کێش و سەروا دەکات لە نێو شیعرەکانی دا و بەڵکوو بەرجەستە بوون و زیندوویی شیعرەکانی بەهۆی کێش و سەرواوە دەبینێت.

(حاتەم سەگر) لە وتارێکدا ڕەخنە لەم جۆرە پێناسانە دەگرێت و بە چەند خاڵێک لایەنی

---

٥.عزالدین سابیر شێوازی هۆنراوەکانی شێخ نووری شێخ صالح نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی ٢٠١٥.ز لا ٥١ بڵاونەکراوە

٦.د.لویس العوچ هوراس فن الشعر گ.٣ قاهره ١٩٨٨.م ص ١١٦

٧.م.زانیار سالح عەلی بنیاتی ئاوازەیی لە شیعری نوێی کوردی دا نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی ٢٠١٥.ز لا ١٤ بڵاونەکراوە

٨.د. عمر خلوف، کن شاعراً نسخه الالکترونیه الاولی اژاعه الشعر ؟؟ ٢٠١٢.م ص ١٥

٩.مەلا عبدالکریمی مودەریس، فاتح عبدالکریم دیوانی نالی دەزگای پەخشی چوارچرا ٢٠٠٨.ز لا ٤٣٢

کەم وکوڕی و خراپەکانی دەخاتە ڕوو، لەوانە:

**•مۆسیقای شیعری وا دەبینرێت کە تەنها مۆسیقای دەرەوە بێت (کێش و سەروا)، جگە لەم ئاستە هیچ مۆسیقایەکی تر نییە لە شیعر دا.**

**•کێش ببو بە بنەما بۆ پێوانە کردن و هەڵسەنگاندنی شیعر، وە هەر دەقێک لە کێش دابماڵرێت بە شیعر دانانرێت.**

**•کێش جیاکەرەوەی شیعرە لە پەخشان، کە ئەمیش خۆی لە خۆی دا کەم و کوڕییەکی تێدایە چونکە جگە لە کێش و سەروا ئێمە دەتوانین چەند ڕەگەزێکی تر لە شیعردا دەست نیشان بکەین بۆ جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان وەک ئاواز لە ئاستی ناوەوە.**

**•گونجاندنی وشە لەگەڵ کێش دا گرنگی پێ دەدرا بە شێوەیەک کە هێزی وشەکە گوم دەبوو لە دەربرینی ناوەکی (واتای قولی وشە) و پەیوەندی بە دەروونەوە ١٠**

ئەمانە و بە چەند خاڵێکی تر دیاری کردنی کەم و کوورتی ئەو جۆرە پێناسانە لە وتارەکەی حاتەمدا بوونی هەیە.

ئەم بۆچوونەی نووسەران سەبارەت بە شیعر و پەیوەست کردنی بە کێش و سەرواوە تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەردەوامی هەبووە بەڵام دواتر لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەدواوە تێروانینەکان سەبارەت بە شیعر گۆڕا، پێناسەی جیاواز هاتە ئاراوە بۆ شیعر، ئاور لە ئاستەکانی تری ئاواز درایەوە لە دەقی شیعری دا، ئەم گۆرانکارییە دەتوانین بۆ دوو هۆکاری سەرەکی بگێرینەوە:

یەکەم (**پەرەسەندنی قوتابخانە شێوازگەرییەکان و بڵاوبوونەوەیان بە پاکی کیشوەرەکاندا بە تایبەت لە شەستەکانی سەدەی بیستەم بە دواوە**) ١١

دووەم پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی شیعری ئازاد و داتاشینی دەقی شیعری لە کێش و سەروا، کە لێکۆڵەرانی ناچار کرد بۆ ڕەگەزی تر بگەرێن لە دەقی شیعری دا وەک لایەنی زمانەوانی لە لایەک، کە پەیوەستە بە قوتابخانەی بنیاتگەری و تێروانین بە پێی ئەو

---

١٠.حاتم الصكر بحپ فی الایقاع و ایقاع الداخلی مجله الاقلام عدد (٥) ١٩٩٠.م ص ٤٩- ٥٠

١١.حەمەنووری عومەر کاکی شێوازی شیعری نوێی کوردی نامەی دکتۆرا زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٩.ز بڕوانە لا ٥ ٦ بڵاونەکراوە

قوتابخانەیە بۆ دەقی ئەدەبی، لە لایەکی ترەوە گەران بە دوای ئاوازی ناوەوە و ئاواز لە ئاستی دەروون دا، بۆیە لەمەوە پێناسەی جیاواز لە پێناسە تەقلیدییەکان بۆ شیعر هاتە بوون، بەنموونە دکتۆر ابراهیم انیس پێناسەی شیعر دەکات و دەڵێت:

**((شیعر هونەرێکە لە هونەرەجوانەکان، هەروەکوو تابلۆکێشان و مۆسیقا و پەیکەرتاشی، سۆز دەدوێنێت و بەرهەمی هەست و ویژدانە، جوانە لە بژاردەکردنی دەربرینەکانی، جوانە لە بەدوایەکهاتنی پارچەکانی و سازاندنی وشەکانی بە شێوەیەک دەنگ دەداتەوە و دووبارە دەبێتەوە و وەک مۆسیقایەک دەبیسترێت))** ١٢

ئەگەر سەرنج بدەینە بەشی کۆتایی ئەم پێناسەیەی دکتۆر ابراهیم ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە جیاواز لە پێناسە تەقلیدییەکان ئاماژە بۆ ئاوازی شیعری دەکات، بەلای ئەمەوە بێجگە لە ئاوازی دەرەوە (کێش و سەروا) دووبارە بوونەوە و بە دوایەک هاتنی وشەکان ئاواز دەبەخشن بە شیعر و پەیوەندی بە ناخی گوێگرەوە دەکات، هەروەها دکتۆر (هودا سەحناوی) دەڵێت:

**((شیعر هەستێکی ناسکە لە باری هەڵچوون دا، نماییشێکی داهێنەرانەیە بۆ توانینی زمان لە دەنگ و ئاماژە (واتا)، بە هۆی کەرەستە خوازەییەکانەوە لادان بەسەر زماندا ئەسەپێنێ بە مەبەستی چنگخستنی هونەرێکی شاراوە و دەرخستنی هێزی وشە لە بنیادی نادیاری دا (هێزی دەنگ)))**
١٣

لەم پێناسەیەی دکتۆر هودا ئاماژە بۆ تاکی وشە کراوە لە درووست کردنی ئاواز دا، هەروەها شێوازگەرە ڕوسییەکانیش وای دەبینن کە **((ئاواز دەشێت بە چەند ڕێگایەک درووست ببێت و کێش یەکێکە لەو ڕێگایانە، چونکە ئاواز پشت بە بنەمای سازان و ڕێککەوتن دەبەستێت لە نێوان وشەکانی دا کە شاعیر ئەو سازانە بە ئەنجام دەگەیەنێت))** ١٤

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم پێناسە و بۆچوونانە ئەوەیە کە هەریەکە لە (دەنگ، برگە، وشە، ڕستە) ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان هەیە لە پێکهێنانی ئاواز بەدەر لە ئاوازی دەرەوە (کێش و سەروا)، بۆیە دەبینین هەندێک جار پەخشانیش ئاواز لە بونیادی ناوەوەی دا بە دی دەکرێت، بە نمونە ئەو پارچە پەخشانانەی مامۆستا عەلادینی سەجادی لە وەسفی شاعیرەکانمان نووسیونێتی، یەک لەوانە لە وەسفی نالی دا کە دەڵێت: **((لە ئاسمانی خەیاڵات دا بازی بێ پەروا، لە زەوی و**

---

١٢.د.ابراهیم انیس موسقی الشیعر مکتبە الانجلو المصریە گ.٢ قاهرە ١٩٥٢.م ص ٥

١٣.د.هدی الصحناوی الایقاع الداخلی فی القصیدە المعاصرە مجلە جامعە دمشق المجلد ٣٠.العدد ١+٢ ٢٠١٤.م لا ٩٠

١٤.حاتم الصکر بحپ فی الایقاع و ایقاع الداخلی مجلە الاقلام عدد (٥) ١٩٩٠.م ص ٦٠، ٦١

**زاری نـوکتەزانی دا سـککەیەکی خـۆش ڕەوا ،زەوقـی بە خـاکی پـاکی شـارەزوور پشـکوتوو، خۆیشـی بە چەشـمەزاری پـڕ نیگـاری کوردسـتان دل تینـوو، شـەیدا بە دوڕڕ و قسـەو باسـی بەرزەوە، زانا بە گەوهەری مەعنای جۆراوجۆری سەد تەرزەوە))** ١٥

ئەگەر تێبینی بکەین و ئاستەکانی ئاواز لەم پەخشانەی مامۆستا عەلادین دادا دیاری بکەین بە پێی ئەو پێناسانە ئەوا:

١.گونجاییش لە نێوان وشەکانی (پەروا ڕەوا، پشکووتوو تینوو، خاکی پاکی، چەشمەزار پڕ نیگار، بەرزەوە تەرزەوە)

٢.دووبـارەبوونەوەی دەنگـی ز لەم پـارەچەیەدا(لە زەوی و زاری نـوکتەزانی...)، هەوەهـا لە بەدوایەکهاتنی بڕگەی کی لە وشەکانی (خاکی پاکی).

دەبینـین کە هەر یەک لەو خـاڵانەی سـەرەوە بـوونە بە درووسـت کەری ئـاوازی نـاوەوەی ئەم دەقە، بەڵام جیـاواز لە شـیعر لە دەقـی پەخشـان دا ئـاواز لە دەقێکـی سـنوور فراوانتـردا بەدەر دەکەوێت، واتە لە شیعر دا دەشێت لە ڕستەیەکی کورت دا چەند جۆرە ئاوازێک درووست ببێت بەڵام لە پەخشان دا ئەو ئاوازە کەمترە.

لە شانی ئەم پێناسە و بۆچوونـانەدا بۆ شیعر و ئامـاژەکردن بە ئـاواز لە نـاوخنی پێناسـەکان دا، زۆرێک لە نووسەران پێناسەی ئاوازی شیعری دەکەن و پێناسەی جۆراو جۆرییان خستوتەروو بۆ ئاواز **دکتۆر هودا** دەڵێت:

**((ئاواز خزان و لادانێکە لە گووتار کە لە ئاستی پەخشانەوە دەیگوێزێتەوە بۆ ئاستی شیعر، ئەو لادانەش تایبەتە بە چۆنێتی ڕێکخستن لە نێوان دەنگەکان))** ١٦

هەروەها عەبدولڕەحمان مەوافی جیاوازی دەکات لە نێوان کێش و ئاواز دا و دەڵێت:

**((کێش پێک دێت لەو هەنگاوانەی کە وەستاوی و بزواوی بڕگە بە شێوەیەکی ڕێک درووستی کردوون، بەڵام ئاواز گوزارشتێکی مۆسیقی فراوانترە،لە پاڵ کێشەوە سیستەمێکی دەنگی تر لە خۆ دەگرێت کە لە زانستەکانی ڕەگەزدۆزی، کەرتکردن، دووبارە...هتد خۆی دەبینێتەوە))**١٧

**خەمیس وەرتائی** بە شێوەیەکی سادەتر پێناسەی ئاواز دەکات و دەڵێت:

---

١٥.عەلادینی سـەجادی مێژووی ئەدەبی کوردی چ.یەکەم انتشـارات کردسـتان سـنە ١٣٩١ هەتاوی لا ٢٤٣

١٦.د.هـدی الصـحناوی الایقـاع الـداخلی فـی القصـیدە المعاصـرە مجلـه جـامعە دمشـق المجلـد ٣٠.العدد ١+٢ ٢٠١٤.م ص ٩٢

١٧.هەمان سەرچاوە ص ٩٤

**((ئاواز درووست کردنی دەنگێکی ڕێکخراوە، لەگەڵ بیستندا دەسازێ و دەروون پێی ئاسوودە دەبێت))** ١٨

لە لایەکی ترەوە **جان کۆهن** وای دەبینێت کە:

**((ئاواز خوولێکی کاتی تێبینی کراوە بۆ دەنگەکان))** ١٩

ئەم جۆراوجۆرێتییە لە پێناسەکان **((ناڕوونییەکی بە وشەی ئاواز بەخشیوە، بەجۆرێک کە پێناسەیەکی دیاری کراو بۆ ئەو وشەیە نادۆزینەوە))**٢٠، **دکتۆر محمد عەلوان** هۆکاری ئەم جۆراوجۆرێتییە بۆ جۆری ئاوازەکان دەگێرێتەوە لە نێوان (**سروشتی و دەستکردی، زمانی و نازمانی، فیزیایی و دەروونی**) ٢١، کە لە هەریەکێ لەوانەوە پێناسەی ئاواز دەگۆرێت لە چاو ئەوانی تر.

ئەم ناڕوونییە لە ئاوازدا تەنها لە سنووری چەمک و پێناسە دا نییە بەڵکوو بەش کردنی ئاستەکانی ئاوازی شیعریشی گرتۆتەوە، لە لایەک زۆرینەی نووسەران ئاوازی شیعری دابەش دەکەن بەسەر دوو بەش دا (ئاوازی دەرەوە، ئاوازی ناوەوە) لە لایەکی ترەوە هەندێکیان ئاستی سێیەمیش دیاری دەکەن کە (ئاستی دەروون)یە بە لەبەرچاوگرتنی ئەدەبی ئەورووپی و یۆنانی، یەک لەو نووسەرانە مامۆستا **بەرباق ڕەبیعە**، مامۆستا لە زانکۆی (شیخ العربی التبسی) لە جەزائیر، کە ئاوازی دابەش کردووە بەسەر سێ ئاست دا:

**١.ئاستی دەرەوە: پەیوەستە بە کێش و پێیەکانی عەرووزی عەرەبی**

**٢.ئاستی ناوەوە: پەیوەستە بە گونجاییش و سازان لە نێوان وشەکان و بەشێک لە زانستی جوانکاری وشەیی**

**٣.ئاستی دەروونی: پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان خاسیەتی وشە و ناخی شاعیر لە لایەک و لە لایەکی ترەوە سازاندن لە نێوان مەبەستی شیعری و جۆری ئاوازەکەی ٢٢**

___________________

١٨.د. محمد علوان  الایقاع فی شعر الحداپە  دار العلم و الایمان  ٢٠٠٨.م  ص ١٣

١٩.حاتم صکر  بحپ فی الایقاع والایقاع الداخلی  مجلە الاقلام  عدد (٥)  ١٩٩٠.م  ص ٦٠

٢٠.هەمان سەرچاوەی پێشوو  لا ٦٠

٢١.د. محمد علوان  الایقاع فی شعر الحداپە  دار العلم و الایمان  اسکندریە  ٢٠٠٨.م  ینقر ص. ١٣، ١٤، ١٥

٢٢.أ.برباق الربیعە  الایقاع الشعری.دراسە لسانیە جمالیە  مجلە کلیە الاداب واللغات.جامعە محمد خیچر. جزائر  عدد.٨  ٢٠١١.م  ص ٢٠

**تەوەری دووەم-ئاستەکانی ئاواز**

لەم تەوەرەدا تیشک دەخەینە سەر دوو ئاستی ئاواز کە پەیوەستە بە ناوەرۆکی باسەکەمانەوە، ئەوانیش (ئاستی دەرەوە و ئاستی ناوەوە)، چونکە ئاستی سێیەم (ئاستی دەروونی) کەمتر بایەخی پێدراوە لە شیعری کوردیدا بە تایبەت پەیوەندی نێوان مەبەستی دەق و جۆری کێش، وەنەبێ ئاستی سێیەم فەرامۆش بکەین، بەڵکو تەنها باسێکی کورتی لەسەر دەکەین لە کۆتایی تەوەرەکەمان.

یەکەم ئاستی دەرەوەی ئاوازی شیعری

ئاوازی دەرەوەی شیعری هەردوو لایەنی کێش و سەروا دەگرێتەوە، بۆیە وەک دوو بەشی جوودا باسی دەکەین لەم ئاستەدا:

**١- کێش**

**کێش یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی شیعر کە لە کۆنیش دا شیعری پێ دەناسرایەوە** ٢٣ **و پایەیەکی بنەرەتییە لە دەقی شیعری دا کە مۆسیقا دروست دەکات و کاریگەری لەسەر هەست و دەروون دادەنێت** ٢٤، هەروەها **کێش لە شیعردا تەرازووە و شیعر لە لەنگی ڕزگار دەکات** ٢٥. دکتۆر ئەمیل بەدیع پێی وایە ((**کێش ئاوازێکی بەدی هێنراوە لە پێیەکانەوە لە ئەنجامی نووسینەوەی شیعر بە نووسینەوەیەکی عەرووزی**)) ٢٦، ئەم پێناسەیە زیاتر بە لای شیعری عەرووزی دا دەچێت، بە هەمان شێوە ئەحمەد هەردیش لە پێناسەکەیدا کە بۆ کێش کردوویە تاگرتنی کێشی عەرووزی پێوە دیارە کاتێک دەڵێت ((**کێش بریتییە لە بەشکردنی چەند بڕگەیەکی جیاواز بە چەند دەستەیەکی چوونیەکەوە، کە لە ناوەوەی هەر دەستەیەک پشوودانێک هەیە**)) ٢٧، ئەگەرچی ئەحمەد هەردی بە ڕاستەوخۆیی ئاماژەی بە پێیە عەرووزییەکان نەکردووە لە پێناسەکەی دا بەڵام باسکردنی (دەستەی چوونیەک) لە لایەک و بوونی خاسیەتی هەستان و وەستان (پشوودان) لە نێو ئەو دەستە برگانە ڕاستەوخۆ زەینمان

---

٢٣.حەمەنووری عومەر کاکی شێوازی شیعری نوێی کوردی نامەی دکتۆرا زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٩.ز لا ٤٤ بڵاونەکراوە

٢٤.ئاوات حسن والی چەمکی شانازی لە شیعرەکانی نالی دا نامەی ماجستێر زانکۆی سلێمانی ٢٠١٥.ز لا ١٤٩ بڵاونەکاروە

٢٥.عزالدین صابر شێوازی هۆنراوەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح نامەی ماجستێر زانکۆی سلێمانی ٢٠١٥.ز لا ٥١ بڵاونەکراوە

٢٦.أمیل بدیع المعجم المفصل فی علم العروچ والقافیه وفنون الشعر دار الکتب العلمیه بیروت ١٩٩١.م ص ٤٥٨

٢٧.م.زانیار ساڵح عەلی بنیاتی ئاوازەیی لە شیعری نوێی کوردی دا نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی ٢٠١٥.ز لا ٤٢ بڵاونەکراوە

به لای پێیه عەروزییەکان دا دەبات، چونکە لە جۆری کێشەکانی تر ئەگەرچی پەیڕەو لە هەنگاویش بکرێت بەڵام مەرج نییە هەنگاوەکان چوونیەک بن و تەریب بە یەک بن، کاری ئێمە لێرەدا ڕەخنەگرتن و ساغ کردنەوەی پێناسەکان نییە کە بۆ کێشی شیعری کراون بەڵکوو زیاتر ئامانجمان خستنەرووی کۆمەڵێک پێناسەیە لەو بارەیەوە، کە هەر یەکێ لەو پێناسانە خاڵێک یان چەند خاڵێکی پێکاوە لە بارەی کێشی شیعرییەوە.

کێشی شیعریش چەند جۆرێکە، **دیارترینی ئەو جۆرانە ئەم چوارەیە:**

**١.کێشی چەندی: لەم جۆرە کێشەدا دێرە شیعرییەکان لە ژمارەیەک پێ پێک دێن و هەر پێیەک لە کۆمەڵێک بڕگەی کورت و درێژ پێک دێت بە پێی جۆری کێشەکە.**

**٢.کێشی لەنگەر: ئەم جۆرە کێشە لە ژمارەیەکی دیاری کراو لە بڕگەی لەنگەردار و بڕگەی بێ لەنگەر پێک دێت بە شێوەیەکی یەکسان لە هەموو دێرەکان دا.**

**٣.کێشی هیجا (سلابی ژمارەیی): لەم جۆرە کێشەدا هەر دێرێک لە ژمارەیەکی یەکسان بڕگە پێک دێت بە بێ گرنگی دان بە کورتی و درێژی بڕگەکان.**

**٤.کێشی پەیژەیی: ئەوەیە کە لە سیستەمی دووبارەبوونەوەی پلە و تەبەقەی دەنگ دروست دەبێت.** ٢٨

لە ئەدەبی کوردی دا جگە لە شیعری ئازاد زیاتر کێشی عەرووزی (چەندی) و کێشی بڕگەیی (سیلابی) بەکارهێنراون بەم شێوازانەی خوارەوە:

١.**کێشی عەرووزی**، زیاتر و زیاتر لە قوتابخانە کلاسیکییەکان پەیڕەو کراوە.

٢.**کێشی تێکەڵ**، لەم جۆرەدا کێشی عەرووزی عەرەبی و بڕگەیی خۆماڵی ئاوێتەکراون لە چنینی شیعرەکان دا، هەندێک لە شاعیرانی سەرەتای نوێ بوونەوەی ئەدەبی کوردی وەک گۆڕانێک و نوێخوازییەک بەکاریان هیناوە.

٣.**کێشی بڕگەیی**، لە بیستەکانی سەدەی بیستەم بە دواوە هەندێک لە شاعیرانی نوێخوازی وەک (شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران و پیرەمێرد) بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لەم جۆرە کێشە ناوە بە مەبەستی نوێکردنەوە شیعری کوردی، ئەگەرچی جۆری ئەم کێشە لە ئەدەبی سەرزارییەوە وەرگیراوە بەڵام هەنگاوێک بوو بۆ نوێبوونەوەی شیعری، ئەحمەد تاقانە لەم بارەیەوە دەڵێت ((**بزوتنەوەی گۆرینی شیعری کوردی لە مامۆستا شێخ نووری شێخ ساڵح و**

---

٢٨.ئاسۆ عومەر مستەفا بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٧.ز لا ٧٣ بڵاونەکراوە .

**مامۆستا گۆران و برادەرەکانیانەوە دەستی پێ کرد، ئەوە بوو کێشی پەنجەییان زیندوو کردەوە))** ٢٩، ئاماژە کردن بە زیندوو کردنەوە لەم بۆچوونەدا خۆی لە خۆی ئەوە دەگەیەنێت کە کێشی بڕگەیی بوونی هەبووە بەر لە بزووتنەوە نوێخوازییەکە، سەرچاوەی کێشی بڕگەیی بۆ کتێبی ئاڤێستا دەگەڕێتەوە، چوون **((ئەو کتێبە لەسەر بنەمای ژمارەی بڕگەکانی بۆ هەرپارچەیەک بنیاد نراوە))** ٣٠.

٤.**کێشی عەرووزی شکاو:** لەم جۆرە کێشەدا ئەگەرچی شیعر لە ڕواڵەت دا وەک شێوەی ئازاد دەچێت بەڵام لە ڕاستی دا چوونیەکی شیعری (الموشحات)ە لە ئەدەبی عەرەبی دا و لەسەر بنەمای کەرت کردنی دێرە شیعرەکان نووسراونەتەوە و بە شێوەیەکی پەرتەوازە کێشی تێدا بەکار هاتووە، ئەحمەد تاقانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە کێشە و بەری کردنی لە شیعری ئازاد ئەم دوو نمونەیەی هیناوەتەوە:

- ئەی کچە شوان  کامەران موکری  ١٩٥٧
- لە بیرەوەری کۆچی دوایی یازدەهەمینی پیرەمێردی نەمردا  گۆران ٣١

ئەگەر دیقەت بدەین و هەنگاوەکان لەو دوو شیعرە دیاری بکەین:

ئەی کچە شوان...... فاعلاتن

هەڵاڵەیی..... مەفاعلن

ئەی کەنیزەی کەژی کوێستان..... فاعلاتن  مەفاعیلن

هەروەها شیعرەکەی گۆران:

ئەم بەهارە..... فاعلاتن

لەسەر گردی مامەیارە..... مەفاعیلن  فاعلاتن

دەبینین لە هەردوو شیعرەکە پێیەکانی عەرووز بەکارهێنراون، بە بێ پەیڕەو کردن لە بەحرێکی دیاریکراوی عەرووزی.

ئەوەی جێگەی بایەخی ئێمەیە لە لایەنی کێشەوە لە باسەکەمان دا زیاتر کێشی عەرووزییە، چونکە ئەمیان پەیوەستە بە باسەکەمانەوەوە کە ئاوازی شیعرەکانی (نالی)یە، وەک ڕوون و ئاشکراشە **((ئاوازی شیعرەکانی نالی بنیاتنراوی ئەو سیستەمە ئاوازییەن کە لە ڕێگەی زانستێکەوە پێوانە دەکرێت و بە زانستی عەرووز ناسراوە))** ٣٣.

---

٢٩.ئەحمەد تاقانە  ڕۆچوون بە ناخی هەڵبەست دا  دەزگای ئاراس  هەولێر  ٢٠١٢.ز  لا ١٠.

٣٠.باول هورن  حسین مجیب المصری  الادب الفارسی القدیم  دار المدی ؟  ٢٠١١.م  ص ٣٨.

٣١.ئەحمەد تاقانە  ڕۆچوون بە ناخی هەڵبەست دا  دەزگای ئاراس  هەولێر  ٢٠١٢.ز  لا ١٠.

٣٢.ئاڤان عەلی میرزا  چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا  نامەی دکتۆرا  زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٨.ز لا ٦٧  بڵاونەکراوە.

**کێشی عەرووزی**

((**عەرووز هوونەرێکە لە کێش و ئاوازی شیعر دەکۆڵێتەوە، تایبەتمەندییەکانی شیعر دیاری دەکات و نهێنییەکانی ئاشکرا دەکات تا لە لای خوێنەری ئاسان بکات و هیچ ناڕوونییەکی تێدا نەهێڵێتەوە، بەڵکوو یارمەتی خوێنەر دەدات لە چێژ وەرگرتن لە شیعر و لەبەرکردنی شیعرییان بۆ ئاسان دەکات**)) ٣٣، وەک پێناسەیەک زانستی عەرووزی ((**ئەو زانستەیە کە کێشانەی شیعری پێ دەکرێت لە ڕووی کێشەوە، بۆ ئەوەی درووستی و لاسەنگی ئەو شیعرە دەرکەوێت لەگەڵ دەست نیشانکردنی کەم و کورتییەکان دا**)) ٣٤. شاعیرانی کورد کێشی عەرووزیان لە شیعری فارسییەوە وەرگرتووە ئەگەرچی لە بنەرەتەوە ئەم جۆرە کێشە تایبەتە بە عەرەب، دکتۆر حەمەنووری دەڵێت ((**ئەم زانستە کە ناونراوە عەرووز تایبەتە بە شیعری عەرەبی و شیعری ئەو نەتەوە موسلمانانەی کە لە شیعریان دا پەیڕەوی ڕێبازی شیعری عەموودییان کردووە**)) ٣٥.

زانستی عەرووز بەر لە خەلیلی کوری ئەحمەدی فەراهیدییەوە لە لای عەرەب زانراوە، بەڵام خەلیل وەک بیردۆزەیەکی نووسراو زانستەکەی دارشتۆتەوە و ناوی لە دەریاکان ناوە، ((**کۆی ئەو دەریایانەی کە خەلیل دیاری کردوون پانزە دەریایە**)) ٣٦، بەم ناوانەی لای خوارەوە:

(تەویل، بەسیت، مەدید، وافر، کامل، هەزەج، ڕەجەز، ڕەمەل، سەریع، مونسەریح، خەفیف، موقتەزب، موزارەع، موجتەس، موتاقەریب)، جگە لەمانە دەریایەکی تری عەرووز هەیە، (**سەعیدی کوری موسعەدە (ئەخفەش) کە خوێندکاری سیبەوەی بووە دیاری کردووە و ناوی لێناوە موتەدارەک**) ٣٧، کەواتە سەرجەمی دەریا عەرووزییەکان دەکاتە شانزە دەریا، ((بەڵام شاعیرانی کورد لەگەڵ ئەوەی کێشە عەرووزییەکەیان بەکارهێناوە و وەریان گرتووە بەڵام سەرجەمیان نا، چونکە لە بنەرەت دا کێشی عەرووزی عەرەبی بە پێی خاسیەتی زمانی عەرەبی دانراوە و لەگەڵ سرووشتی زمانی کوردی ناگونجێت)) ٣٨.

شاعیرانی کورد زیاتر دەور و ماخولای دەریای هەزەج و دەریای ڕەمەلیان داوە ((**ئەمەش بەو هۆیەوەیە کە ئاوازی ئەو دوو کێشە لەگەڵ چێژی ئاوازەیی کورددا گونجاوە**)) ٣٩، بۆیە دەبینین

---

٣٣.د. عمر خلوف کن شاعراً نسخە الالکترونیە الاولی اژاعە الشعر ؟؟؟ ٢٠١٢.م ص ٧

٣٤.حەمە نووری عومەر کاکی شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا چاپخانەی تیشک سلێمانی ٢٠٠٨.ز لا ٧٣ / ٣٥.هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٧٣

٣٦.محمود مصگفی عروچ والقافیە الکتب الپقافیە بیروت ٢٠٠٥.م ص ٤٩.

٣٧.هەمان سەرچاوەی پێشوو بڕوانە لا ٤٩ ٥٠

٣٨.عزالدین صابر شێوازی هۆنراوەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح نامەی ماجستێر ٢٠١٥.ز لا ٥٣ بلاو نەکراوە

٣٩.ئاڤان عەلی میرزا چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا نامەی دکتۆرا زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٨.ز لا ١١. بلاو نەکراوە

زۆرترین جار ئەو دوو دەریایە لە لایەن شاعیرانی کوردەوە بەکارهێنراون بەڵام بە سادەیی نا بەڵکوو بە شێوە و قاڵبی جیاجیا.

**٢. سەروا**

لەپاڵ کێشەوە سەروا ڕەگەزێکی تری شیعرە کە شاعیرانی کلاسیک پەیڕەوییان لێ کردووە، ((**لە لایەن لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبییەوە پێناسەی جیاواز بۆ سەروا کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەموویان یەک چەمک دەگەیەنن و ئامانجیان یەک دیاردەی مۆسیقییە لە بەرهەمی شیعری دا**)) ٤٠، دەبینین ئیبراهیم ئەنیس بەم جۆرە پێناسەی سەروا دەکات: ((**سەروا پێک دێت لە چەند دەنگێک لە کۆتایی باڵە شیعر یان دێرە شیعرەکانەوە و دووبارەکردنەوەی بەشێکی گرنگە لە مۆسیقای شیعر، وەک بڕگەیەکی مۆسیقییە و گوێگر پێشبینی دەربڕینی دەکات**)) ٤١. هەروەها شێخ نووری شێخ ساڵح دەڵێت ((**قافیە لە نیهایەت هەموو مەسرەعێک دا لە بەینی هیجای ئاخیریدا بە ئیعتباری تصوت عبارەتە لە متابەقەت**)) ٤٢، لێرەدا نامانەوێ ڕاستی و درووستی پێناسەیەک لە چاو ئەوانی تر دیاری بکەین بەڵکوو ئامانجمان ئەوەیە مەفهومێک لە بارەی سەرواوە بدەین بە دەستەوە، لەمەوە دەکرێت بڵێین بەلای زۆربەی ئەدەبناسانەوە ((**سەروا ئەو بڕگە دەنگیانەیە کە دەکەونە کۆتایی دێرە شیعرەکانەوە و دووبارەکردنەوەی پێویستە لە هەموو دێرەکان بەپێی جۆری شیعرەکە**)) ٤٣

بەشێوەیەکی گشتی سەروا لە ڕووی پێکهاتنەوە دوو بەشە:

**١.سەروای ئاسان (سەربەخۆ)، کە بە دەنگێک یان زیاتر بنیات دەنرێت.**

**٢.سەروای قورس (پاش سەروا)، ئەو جۆرە سەروایەیە کە لە پاش یان لە پێش سەروا سەربەخۆکەوە مۆرفێمێکی سەربەخۆ یان زیاتر لە هەموو دێرەکان دا دووبارە دەبێتەوە بە هەمان واتا** ٤٤

پاش سەرواش دەشێت بە وشەیەک یان گرێیەک یان ڕستەیەک درووست ببێت، هەندێک جار وا ڕێک دەکەوێت ئامرازەکانیش بچنە سەر سەروا ڕاستەوخۆکە، بەڵام بە ئاوێتەبوویی لەگەڵ وشە

---

٤٠.ئاوات حسن والی چەمکی شانازی لە شیعرەکانی نالی دا نامەی ماجستێر ٢٠١٥.ز لا ١٥٢. بلاو نەکراوە

٤١.د.ابراهیم انیس موسقی الشیعر مکتبە الانجلو المصریە گ.٢ قاهرە ١٩٥٢.م ص ٢٤٤.

٤٢.حەمە نووری عومەر کاکی شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا چاپخانەی تیشک سلێمانی ٢٠٠٨.ز لا ٨٢

٤٣.د.عبدالعزیز عتیق علم العروچ والقافیە دار الافاق العربیە قاهرە ٢٠٠٦.م ص ١٠٨.

٤٤.ئاوات حسن والی چەمکی شانازی لە شیعرەکانی نالی دا نامەی ماجستێر ٢٠١٥.ز بروانە لا ١٥٧. بلاو نەکراوە

پێش خۆیان دا و نە بەسەروا و نە بە پاش سەروا ئەژمار ناکرێن، لەوانە ئامرازی (ەکە، ێک، ان)، دکتۆر حەمە نووری لەم بارەیەوە دەڵێت: ((**ئامراز و نیشانەکانی مۆرفۆلۆژی کە دەچنە سەر وشەکان نابنە قافیە، بۆ نمونە نیشانەی کۆی (ان) لە وشەی ژنان لەگەڵ وشەی کوران هەروەها نیشانەی ناسراوی (ەکە) لە وشەی چاوەکە لەگەڵ دەمەکە نابێتە قافیە**)) ٤٥

لەپاڵ سەرواوە زاراوەیەکی تر دێتە بەر باس ئەویش (پیتی ڕەوی)یە، ئەمیش بەو پیتە دەوترێت کە ڕەسەن بێت لە پێکهاتەی وشە و دەکەوێتە کۆتایی دێرە شیعرەکانەوە کە بەلای هەندێک نووسەرانەوە دەبێت سەروا بە پیتی ڕەوی پێک هاتبێ، (**بەڵام بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی سەروای شیعری شاعیرانی کورد وا شیاوترە کە دواپیتی دێرەکان بە سەروا ئەژمار بکرێت ئەگەر ئەو پیتە بەشێکی ڕەسەنیش نەبێت لە وشەی کۆتایی**) ٤٦، چونکە سەروا گوزارشتە لە دەنگێک یان چەند دەنگێک لە کۆتایی دێرە شیعرەکانەوە نەک وشە و پێکهاتەی وشە.

**دووەم-ئاستی ناوەوەی ئاوازی شیعری**

لەپاڵ کێش و سەرواوە ئاوازی ناوەوە ڕەگەزێکی تری ڕازاندنەوەی دەقی شیعرییە، چوونکە ((**ئاوازی دەنگ کار لە هەستی بیستن دەکات و کاردانەوەی بەسەر حاڵەتی وجدانی و هۆشەکی دەبێت لە لای گوێگر و دواتر شوێنەواری بەسەر توانای هزر و خەیاڵکردنەوەی ئەو گوێگرە جێ دێڵێت، ئەمەش لە چێوەی ئەو بنیاتەوە دەبێت کە بە پێی پیت و دەربڕین و پێکهاتەکانەوە بە شێوەیەکی ئەندازەیی دەنگی دیاری کراو کە شاعیر پشتی پێ دەبەستێت لە کەرتکردن و دووبارەکردنەوەیان دا**)) ٤٧، وەک پێناسەیەک ((**مەبەست لە ئاوازی ناوەوە ئەوەیە کە لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی دەنگ و وشە و دەستەواژە و دێر و نیوەدێرەوە درووست دەبێت**)) ٤٨، بە شێوەیەکی تر))ئاوازی ناوەوە ئەو ئاوازەیە کە لەو دیوی بینای ڕووخساری دەنگەوە هەستی پێ دەکرێت)) ٤٩.

ئاوازی ناوەوە بەردەوامییەک دەبەخشێت بە دەقە شیعرییەکان لە ڕووی ڕیتم و ڕێکردنی

---

٤٥.حەمە نووری عومەر کاکی شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا چاپخانەی تیشک سلێمانی ٢٠٠٨.ز لا ٨٣.

٤٦.ئاڤان عەلی میرزا چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا نامەی دکتۆرا زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٨.ز لا ١٩. بلاو نەکراوە

٤٧.د.هدی الصحناوی الایقاع الداخلی فی القصیده المعاصره مجله جامعه دمشق المجلد ٣٠.العدد ١+٢ ٢٠١٤ ص ٩١

٤٨.عزالدین صابر شێوازی هۆنراوەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح نامەی ماجستێر ٢٠١٥.ز لا ٩٣ بلاو نەکراوە

٤٩.حاتم صکر بحپ فی الایقاع والایقاع الداخلی مجله الاقلام عدد (٥) ١٩٩٠.م ص ٦١

وشـەکانەوە، سـەنگەر قوباد لەم بارەیەوە دەڵێت: ((**ئاوازی دەلالەت کە ڕیتمی بەردەوام لە خۆ دەگرێت واتا تێکەڵکێشی جووڵە دەلالەتییەکان لەگەڵ یەکتردا، کە پاڵنەرە بۆ ئەوەی ڕیتمێک درووست ببێ تا تایبەتمەندی جیاواز هەڵگرێ و بۆ لە دایک بوونی جووڵەی نوێش بە سوودە**)) ٥٠.

هەرچەندە لێکۆڵینەوە و باسکردن لە ئاوازی ناوەوە شتێکی نوێیە بە ئەدەبی میللەتانی ئەم ناوچەیە وەکوو زاراوەیەک، بەڵام هەندێک لە لێکۆلەرانی ئەدەبی وەک ئاوازێکی دەنگ لە بابەتەکانی (جوانکاری–بدیع)یان ڕوانیوە بە بێ ناو لێنان، دکتۆر دڵشاد عەلی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((**هەرچەندە زاراوەی ئاوازی ناوەوە لە بەرهەمە ڕەخنەییە کۆنەکان دا نابینرێت، بەڵام لە ڕەخنەی عەرەبیدا بە گشتی و لە لێکۆڵینەوە و باسی بابەتە جیاجیاکانی ڕەوانەبێژی ڕاستەوخۆ لە دەوری ئاوازی ناوەوەی هەڵبەست دەسووڕێنەوە**)) ٥١، بە نمونە دکتۆر ئبراهیم ئەنیس دەڵێت:

**بەدیع بەشکراوە بەسەر دوو جۆر دا:**

**١.مەعنەوی (واتایی)**

**٢.اللفقی (وشەیی): ئەم جۆرەیان لە هونەری جوانکاری پەیوەندی پتەوی هەیە بە مۆسیقای دەربڕینەوە، لە ڕاستی دا هونەرکارییەکە لە شێوازی دەنگدانەوەی دەنگەکان لە ووتن دا تاکوو ئاواز و مۆسیقا لە خۆ بگرێت** ٥٢.

لەمەوە دەتوانین بڵێین چ ئەدیب یان ڕەخنەگرانی ئەدەبی لە کۆن دا غافڵ نەبوون لە بوونی مۆسیقای ناوەوەی دەق، بەڵام لە ڕووی ناولێنان و تایبەتکردنییەوە دیارییان نەکردووە.

بە پێی ئەو پێناسانەی کە بۆ ئاوازی ناوەوەی شیعر کراوە دەتوانین چەند لایەنێک بۆ پێکهاتنی ئەو ئاوازە بخەینە ڕوو، لەوانە:

١.دیاردەی دووبارەکردنەوەی دەنگ: **ئەمەش لە دوو بەش پێک دێت**

**یەکەم / دووبارەکردنەوەی تاکە دەنگ**

**دووەم / دووبارەکردنەوەی چەپکە دەنگ** ٥٣

---

٥٠.سەنگەر قوباد لە ڕۆخی ڕووباری وێژەوە چاپخانەی کارۆ کەرکوک ٢٠١٢.ز لا ١٠٧.

٥١.حەمەنووری عومەر کاکی شێوازی شیعری نوێی کوردی نامەی دکتۆرا زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٩.ز لا ٦٦. بلاو نەکراوە

٥٢.د.ابراهیم انیس موسقی الشیعر مکتبه الانجلو المصریه گ.٢ قاهره ١٩٥٢.م ص ٤٢، ٤٣.

٥٣.ئاڤان عەلی میرزا چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا نامەی دکتۆرا زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٨.ز بڕوانە لا ٣٧.

دووبارەکردنەوەی چەپکە دەنگیش دەشێت لە سنووری بڕگەدابێت یان لە سنووری وشە ویەکەی گەورەتر کە ئەمیان پەیوەستە بە هونەرەکانی جوانکارییەوە.

٢.دیاردەی کەرتکردن، ((**کەرتکردن جۆرێکە لە هوونەرەکانی جوانکاری وشەیی و تێیدا شاعیر دێر یان نیوەدێر کەرت دەکات بۆ چەند یەکەیەکی بچوکی سەروادار و سەروای دێرەکەش پارێزراو دەبێت**)) ٥٤

کەرتکردنیش دەشێت لە نیوەدێرێکدا بێت یان لە دێرێک کە پارچەکان لە نیوەی یەکەم و نیوەی دووەمی دێرەکە تەریب بن.

هەر یەک لەو خالانەی باسمان لێوە کرد، جۆرە ئاوازێک درووست دەکەن لە بنیاتی ناوەوەی ئاوازی دەق دا.

**سێیەم-ئاستی دەروونی ئاوازی شیعر**

وەک پێشووتر لە دیاریکردنی ئاستەکانی ئاواز ئاماژەمان پێدا، ئەم ئاستەی ئاواز پەیوەستە بە گونجاییشی نێوان جۆری کێش و مەبەستی دەقی شیعری، ئەمەش بۆ جێهێشتنی کاریگەرییەکی لەبارە لە هەست و ناخی گوێگردا لە هەڵچوون و داچوونی باری دەروونی، بەشێوەیەکی گشتی ئەو وشانەی بژاردە دەکرێن بۆ چنینی دەق ((**پێویستە ناسک بن لە کاتی ناسکی دەق دا و توند و تۆلاً بن لە بواری توندرەوی پەیامی دەق دا**)) ٥٥، بە هەمان شێوە کێشی شیعریش ڕۆڵ و کاریگەری خۆی دەبێت لەم ڕووەوە، بەڵام ئەمە زیاتر لە ئەدەبی ئەوروپی و بە تایبەت ئەدەبی یۆنانی و ئینگلیزی پەیڕەو کراوە نەک ئەدەبی ڕۆژهەلاتی و ئەدەبی کوردی، ((**ئاواز لە کتێبە ووتارە یۆنانییەکاندا واتە گونجانی تەبەقەی دەنگی ووتار خوێن لەگەڵ واتای بابەت و ئەو مەبەستەی لەبارەیەوە دەدوێت، ئەمەش کاردانەوەی لە حاڵەتی دەروونی دوێنراو المخاگب دەبێت بە پێی سروشتی بابەتەکە**)) ٥٦، هەروەها لە شیعری ئنگلیزی دا دەبینین بۆ هەر حاڵەتێکی دەروونی جۆرە دەریایەک تەرخان کراوە، بە نمونە(**دەریای (تروکی)(trochaic) گوزارشت لە پێداگری و جەخت کردن دەکاتەوە چونکە**

---

٥٤.موحسین ئەحمەد مستەفا گەردی بەهاری ڕەوانبێژی چاپخانەی نارین هەولێر ٢٠١٣.ز لا ٢٩٣.

٥٥.د.ابراهیم انیس موسقی الشیعر مکتبه الانجلو المصریه گ.٢ قاهره ١٩٥٢.م ص ٢٠.

٥٦.د. محمد علوان الایقاع فی شعر الحداپه دار العلم و الایمان اسکندریه ٢٠٠٨.م ص ١٦

پێیەکانی بە بڕگەیەکی توند(iu) دەست پێدەکات، لە بەرامبەردا دەریای ئەیامبی(jambic) گوزارشت لە حاڵەتی چاوەروانی و قولبوونەوە لە بیرکردنەوە دەکات و پێیەکانی بە بڕگەیەکی سووک دەست پێ دەکات و بڕگەی قورسی بە دواوە دێت (ui)، هەروەها دەریای داکتیلی (dactylic) گوزارشت لە حاڵەتی خەمۆکی دەکات و پێیەکانی بە بڕگەیەکی قورس دەست پێ دەکات و دوو بڕگەی سووکی بە دواوە دێت (iuu))) ٥٧، بەڵام ئەوەی لە شیعری کوردی دا تێبینی دەکرێت ئەم جۆرە پەیوەندییانە ڕەچاو نەکراوە، بۆیە دەبینین مەبەستە شیعرییەکان بە دەریای جۆر بەجۆرەوە نووسراون و بەرامبەر بە یەک تەرخان نەکراون.

**دەرەنجامی ئەم بەشە:**

بە شێوەیەکی گشتی ئاوازی شیعری بە هەردوو دیوی (دەرەوە و ناوەوە) بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەبووە لە لای شاعیران و شیعرناسانی کورد، بە تایبەت لە قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی دا، لە لایەک ئاوازی دەرەوەی شیعر وەک ڕێسایەک پەیڕەوی لێکراوە لەو قوتابخانەیە و شاعیر نەیتوانیوە پشتگوێی بخات، لە لایەکی ترەوە ئاوازی ناوەوەی شیعر نەبووە بە ڕێسا بەڵام دیاردەیەک بووە و بە زەقی دەبینرێت لە شیعری شاعیران، هەر ئەمەشە وای کردووە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر ڕێژەکەی جیاواز بێت لە بەکار هێنان دا، ئاوازی شیعری تەنها لە ئەدەبی کوردی دا بە بایەخ نەبووە بەڵکوو بە لای شاعیران و نووسەرانی غەیرە کوردیش بایەخێکی تایبەتی هەبووە ئەم ڕەگەزە (ئاوازی شیعری)، هەر لە یۆنانییە کۆنەکانەوە باسی لێوە کراوە و گرنگی پێ دراوە،

---

٥٧. د. عبدالستار جواد مشكلات نقد الشعر مجله الاقلام عدد (٥) ١٩٩٠.م ص ٢١.

## بەشی دووەم
## ئاواز لە شیعرەکانی نالی دا

### تەوەری یەکەم-ئاوازی دەرەوەی شیعرەکانی نالی

### ١. کێش

وەک ئاشکرایە نالی سەرجەم شیعرەکانی بە کێشی عەرووزی هۆنیوەتەوە، کۆی ئەو دەریایە عەرووزییانەی بەکاری هێناون (٧) حەوت دەریایە لە (٢٣) شێوە و قاڵب دا بە پێی ئەو گۆرانانەی بەسەریان دا هاتووە، ئەمەش لە کۆی (١٢٧) شیعر کە کارمان لەسەر کردووە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە بەر لەم لێکۆڵینەوەیە(د.عەزیز گەردی) لە کتێبی ڕابەری شیعری کلاسیکی کوردی ئاماری کێشی عەرووزی لە لای نالی خستۆتە ڕوو کە تێیدا کاری لەسەر (١٢٢) شیعری ئەم شاعیرە کردووە، هەروەها ئاڤان عەلی میرزا لە نامەی دکتۆراکەی ئاماژەی بە ئامارێکی تر کردووە کە (د.محمد بكر محمد) ئەنجامی داوە لەسەر (١١٧) شیعری نالی بەڵام بە داخەوەم کە ئەم سەرچاوەیەیانم بەردەست نەکەوت تا لە درووستی ئەو ئامارە ئاگابم، ئەم خشتانەی خوارەوە ئامارێکن بۆ ئەو شێوە بەکارهێنانە:

**سەرجەم دەریاکان**

| ژ. | جۆری دەریا | چەندجارەی بەکارهێنان | شێوەی بەکارهێنان |
|---|---|---|---|
| ١ | هەزەج | (٧٣) جار | (٦) شێوە و قالب |
| ٢ | رەمەل | (٤١) جار | (٩) شێوە و قالب |
| ٣ | موزاریع | (١٠) جار | (٣) شێوە و قالب |
| ٤ | موجتەس | (٢) جار | (٢) شێوە و قالب |
| ٥ | بەسیت | (١) جار | |
| ٦ | رەجەز | (١) جار | |
| ٧ | تەویل | (١) جار | |

١. دەریای هەزەج:

| ژ. | بڕی پێ | گۆرانی زیحاف | گۆرانی عیللە | چەندجارەی بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەشتی | سەحیح | سالم | (١٧) جار |
| ٢ | هەشتی | ئەخرەب + مەکفوف | مەحزوف | (٢٩) جار |
| ٣ | هەشتی | ئەخرەب + مەکفوف | مەقصور | (٤) جار |
| ٤ | هەشتی | ئەخرەب | سالم | (٥) جار |
| ٥ | شەشی | سەحیح | مەحزوف | (٩) جار |
| ٦ | شەشی | سەحیح | مەقصور | (٩) جار |

٢. دەریای رەمەل

| ژ. | بڕی پێ | گۆرانی زیحاف | گۆرانی عیللە | چەندجارەی بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەشتی | مەخبون + مەکفوف | سالم | (١) جار |
| ٢ | هەشتی | سەحیح | مەحزوف | (١٩) جار |
| ٣ | هەشتی | سەحیح | مەقصور | (٤) جار |
| ٤ | هەشتی | مەخبون | مەبتور | (٣) جار |
| ٥ | هەشتی | مەخبون | مەحزوف | (٨) جار |
| ٦ | هەشتی | مەخبون | مەقصور | (١) جار |
| ٧ | شەشی | سەحیح | مەحزوف | (١) جار |
| ٨ | شەشی | سەحیح | مەقصور | (٢) جار |
| ٩ | شەشی | مەخبون | مەحزوف | (٢) جار |

٣. دەریای موزاریع

| ژ. | بڕی پێ | گۆرانی زیحاف | گۆرانی عیللە | چەندجارەی بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەشتی | ئەخرەب | سالم | (١) جار |
| ٢ | هەشتی | ئەخرەب + مەکفوف | مەحزوف | (٥) جار |
| ٣ | هەشتی | ئەخرەب + مەکفوف | مەقصور | (٤) جار |

٤ . دەریای موجتەس

| ژ. | بڕی پێ | گۆرانی زیحاف | گۆرانی عیللە | چەندجارەی بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەشتی | مەخبون + مەکفوف | مەبتور | (١) جار |
| ٢ | هەشتی | مەخبون + مەکفوف | مەقسور | (١) جار |

١. دەریای بەسیت

| ژ. | بڕی پێ | گۆرانی زیحاف | گۆرانی عیللە | چەندجارەی بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەشتی | مەتوی | سالم | (١) جار |

٦. **دەریای تەویل**

| ژ. | بڕی پێ | گۆرانی زیحاف | گۆرانی عیللە | چەندجارەی بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | **هەشتی** | **سەحیح** | **سالم** | (١) **جار** |

٧. **دەریای رەجەز**

| ژ. | بڕی پێ | گۆرانی زیحاف | گۆرانی عیللە | چەندجارەی بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | **هەشتی** | **مەتوی + مەخبون** | **سالم** | (١) **جار** |

لێرەدا بەر لە خستنە ڕووی نموونەکان بۆ هەر دەریا و شێوازێک چەند تێبینییەک دەربارەی ئەم ئامارە دەخەمە ڕوو:

١.ئەم ئامارەم لەسەر (١٢٧) شیعری دیوانەکەی نالی ئەنجام داوە، تاکەکانم فەرامۆش کردوون لەو دیوانەدا.

٢.ئامارەکە تایبەتە بە شیعرە کوردییەکانی نێو دیوانەکەی، شیعرەکانی تری غەیرە زمانی کوردی وەلانراوە بە هۆی کەم شارەزاییم لە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی، جگە لە یەک شیعری عەرەبی نەبێت کە بە بەحری تەویل نووسراوەتەوە، ئەم شیعرەش ئاوێتەیەکە لە زمانی کوردی و عەرەبی

٣.ئەگەر تێبینی بکەین ژمارەی بەکارهێنانەکان (١٢٩) جارە و (٢)ژمارەی لە کۆی شیعرەکان زیاترە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە دوو شیعردا دوو شێوەو قاڵبی جودا بەکارهێنراون، ئەو جیاوازییانەش لە نێوان عیللەی ئەو دوو شیعرەدایە، بە تایبەت لە نێوان (بەتر و حەزف) و (بەتر و قەصر).

نمونەکان:

یەکەم دەریای هەزەج، کێشی بنەرەتی لەم دەریایە بەم شێوەیەیە:

مَفاعیلن مَفاعیلن مَفاعیلن مَفاعیلن

١. هەزەجی هەشتی سەحیحی سالم، نالی ئەم قاڵبەی (١٧) جار بەکارهێناوە.

مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن // مفاعیلن

U – – – // U – – – // U – – – // U – – – ⁕

---

⁕ لە لای بڕگەناسان و کێشناسانی کورد نیشانەی (لا) بۆ بڕگەی کورت و نیشانەی () بۆ بڕگەی درێژ دانراوە.

نمونە:

**تەبەسسوم دەردەخا حوققەی دەم و جەوهەر لە نێو ئەودا**

**بەڵێ مسقاڵە زەررە زاهیرە جیلوەی لە پرتەودا... لا ٦٥**

کەرتکردن:

**تە بەسـ سوم دەر // دە خا حوقـ قەی // دە مـو جـەو هەر // لە نێو ئەو دا**

**بە لـێ مسـ قا // لە زەر رە زا // هیـ رە جیلـ وەی // لە پـر تەو دا**

ئەگەر تێبینی بکەین لەم دێڕەدا بە تایبەت لە نیوەی دووەم لە پێیەکانی (دووەم، سێیەم) دا دوو بڕگەی کورت لە جێی دوو بڕگەی درێژ بەکار هێنراون بەم شێوەیە

U – – – // U – U – – // U U – – // U – – –

بەڵام خوێندنەوەیان بە بڕگەی درێژ دەبێت، ئەحمەد هەردی لەم بارەیەوە دەڵێت (**بزوێنی کورتی (ە) دەگۆڕدرێت بۆ بزوێنی درێژی (ا) لەم بارەدا**) ١، بەڵام من وای نابینم کە گۆڕینێکی درووست بێت، چونکە لە زۆر شوێن ئەم گۆرینە دەبێتە هۆی شێواندنی ڕووخسار و ناوەرۆکی وشە وەک لەم بەیتەی نالی دا:

وەرە بنوارە دوو دەستی حەناییم

حەناییی چی هەموو خۆ خوێنە قوربان

ئەگەر بڕگەی (رە) لە وشەی وەرە بۆگۆرین بۆ (را) ئەوە حاڵەتێکی نەشاز بە وشەکە دەبەخشێت چ لە ڕووی دەربرینەوە یاخو لە ڕووی نووسینەوە، پێم وایە شوێنکەوتنی ڕێنووسی عەرەبی لەم بارەدا درووست ترە بە ساکن کردنی بزوێنی (ە) واتە بەم شێوەیە:

وَرَهْ بنوارَ دو دستی حنایم (وەرەهـ بنوارە دوو دەستی حەناییم)

بە شێوەیەکی گشتی شاعیرانی کلاسیک ئەو بوارەیان بە خۆیان داوە کە بزوێنی کورت لە کۆتایی مۆرفیمەوە ببێتە هۆی درووست کردنی بڕگەی درێژ.

**٢. هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف**، نالی زۆرترین جار لە شیعرەکانی دا ئەم قاڵبەی بەکارهیناوە کە (٢٩) جارە.

مفعول // مفاعیل // مفاعیل // فعولن

١.ئەحمەد هەردی عەرووز لە شیعری کوردیدا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی ٢٠٠٩.ز بڕوانە لا ١٣٠

– – U // U – – U // U – – U // U – –

نمونە:

**ئەی جیلوە دەری حوسن و جڵەوکێشی تەماشا**
**سەر ڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە حاشا... لا ٥٥**
کەرتکردنی:
**ئەیـ جیلـ وە // دە ریـ حوسـ نو // جـ ڵەو کێـ شیـ // تە ما شا**
**سەر رشـ تە // ییـ دینـ بێـ مە // دە دیـ تۆ نیـ // یـە حا شا**
**٣. هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقصور**
**مفعول // مفاعیل // مفاعیل // فعولان**
**ــ ــ لـا // لـا ــ ــ لـا // لـا ــ ــ لـا // لـا ــ ــ**
نمونە:
**ماتەم وەکوو زولفەینی سییەە گرتی سەراپات**
**پۆشی لە ڕووخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات... لا ١٠٨**
کەرتکردنی:
**ما تەم وە // کوو زولـ فەیـ نیـ // سـ یەھ گر تیـ // سە را پات**
**پۆ شیـ لە // روو ختـ تەعـ بیـ // یە ییـ بەیـ دە // قو شا مات**

**٤. هەزەجی هەشتی ئەخرەبی سالم**
**مفعول // مفاعیلن // مفعول // مفاعیلن**
**ــ ــ لـا // لـا ــ ــ ــ // ــ ــ لـا // لـا ــ ــ**

نمونە:
عیشقت کە مەجازی بێ خواهش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ و لەیلا کچ، سەلما کچ و عەزرا کچ... لا١٢٦
کەرتکردنی:
**عیشـ قت کە // مە جا زیـ بێ // خوا هش مە // کە ئیلـ لا کچ**
**شیـ رین کـ // چـو لەیـ لا کچ // سەلـ ما کـ // چـو عەز را کچ**

**٥. هەزەجی شەشی سەحیحی مەحزوف**
مفاعیلن // مفاعیلن // فعولن
**لـا ــ ــ ــ // لـا ــ ــ ــ // لـا ــ ــ**

نموونه:

**عەزیزم ڕووحی شیرینم دوو چاوم**

**دەوای زامی دڵ و جەرگی بڕاوم... لا ٢٣٩**

کەرتکردنی:

**عه زیـ زم روو // حیـ شیـ ریـ نم // دوو چا وم**

**ده وایـ زا میـ // د ڵـو جه‌ر گیـ // بـ ڕا وم**

**٦. هەزەجی شەشی مەقصور**

مفاعیلن // مفاعیلن // فعولان

ᑌ – – – // ᑌ – – – // ᑌ – –

نموونه:

**له هێلانەی زەمیندا وەک شتور مورغ**

**منی قودس ئاشیان بێ باڵ و پەڕ مام... لا ٢١٢**

بەر له کەرتکردنی ئەم دێره، لێرەدا ئەبێ تێبینی ئەوه بکەین دەنگی (ئ) له ئاوێتەکردنی دوو وشەدا ئاساییه قووت بدرێت وەک له وشەکانی:

((ماستاو C ماست ئاو، گوڵەندام C گوڵ ئەندام... هتد))

شاعیرانمان ئەم تایبەتمەندییەیان له زمانی کوردی دا قۆستۆتەوه و توانیویانه له خوێندنەوەی شیعردا بەرجەستەی بکەن، بەم پێیه کەرتکردن و خوێندنەوەی ئەم دێره بەم شێوەیه دەبێت

**له هێـ لا نەی // زه مینـ دا وەك // شـ تور مورغ**

**مـ نیـ قود سا // شـ یان بێـ با // ڵو پەڕ مام**

ئەم حاڵەته له شیعرەکانی نالی دا چەندجارێک دووباره دەبێتەوه، له ڕێنووسی هەندێکی ئاوێته کراون و له هەندێکی تریان ئاوێته نەکراون وەک لەم دێرەدا:

بێ فائیدەیه مەنعی <u>من ئێستاکه</u> له گریان.... منێستاکه (مـ نێسـ تا که)

بۆ عاشقی بێچاره زووەم ئاوه ڕژاوه... زوو ئەم .... لا ٤٤٢

**دووەم-دەریای ڕەمەڵ:**

کێشی بنەرەتی لەم دەریایه له هەشت پێ پێک هاتووه بەم شێوەیه:

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

**١. هەشتی مەخبونی مەکفوفی سالم**

فعلات // فعلاتن // فعلات // فعلاتن

ᑌ ᑌ ـ ـ // ᑌ ᑌ ـ ـ // ᑌ ᑌ ـ ـ // ᑌ ᑌ ـ ـ

نمونه:

**به مەلاحەتی تەکەللوم هەمو زەمزەم و مەلیحی**

**به فەساخەت و تەبەسسوم هەمو کەوسەر و زولالی... لا٥٤٨**

کەرتکردنی

**به مـه لا حـه // تیـ ته کەلـ لوم // هه مو زەمـ زه // مو مه لیـ حیـ**

**به فه سا حه // تو به بەسـ سوم // هه مو کەو سه // رو زو لا لیـ**

**٢. ڕەمەڵی هەشتی سەحیحی مەحزوف**

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلن

ـ ᑌ ـ ـ // ـ ᑌ ـ ـ // ـ ᑌ ـ ـ // ـ ᑌ ـ

نمونه:

**هود هودی دڵ حەبسی بەلیقیسی سەبای دیوه یەقین**

**خۆی که دامێن گیری شاهی ئاسەفی سانی دەکا... لا ٨٠**

کەرتکردنی:

**هود هو دیـ دڵ // حەبـ سیـ بەلـ قیـ // سیـ سه بای دیـ// وه یه قین**

**خۆی که دا مێن // گیـ ریـ شا هیـ // ئا سه فیـ سا // نیـ ده کا**

**٣. ڕەمەڵی هەشتی سەحیحی مەقسور**

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلان

ـ ᑌ ـ ـ // ـ ᑌ ـ ـ // ـ ᑌ ـ ـ // ـ ᑌ ـ

نمونه:

**ئەم لەسەر تەعزیم و گەوره گرتنی ئەو بێ قسوور**

**ئەو لەسەر تەحقیر و تەخفیف و شکستی زاری مار... لا ١٣٨**

کەرتکردنی:

**ئەم له سەر تەعـ // زیـ مو گەو ره // گر تـ نیـ ئەو // بێـ قـ سوور**

**ئەو له سەر تەحـ // قیـ رو تەخـ فیـ // فو شـ کسـ تیـ // زا ریـ مار**

تێبینی: هەردوو دەنگی (و-ی) بە بزوێنی لە شیعری کلاسیکدا بە دووبار بەکار هێنراون، جارێک بڕگەی درێژ درووست دەکات و جارێک بڕگەی کورد، ئەگەر تێبینی بکەین لە هەنگاوی دووەم لە نیوە دێری یەکەم (زیـ مو گەو ڕە) ئەوا بڕگەی (زیـ) بڕگەیەکی درێژە واتە دەنگی (یـ) بەرامبەر بە فۆنێمی پیتی (ی) عەرەبی دەوەستێتەوە، هەروەها لە هەنگاوی کۆتایی نیوەدێری دووەم (زا ریـ مار) ئەوا بڕگەی (ریـ) بڕگەیەکی کورتە و لێرەدا (ی) بەرامبەر بە کەسرەی (ِ)ی عەرەبی دەوەستێتەوە، هەروەها دەنگی (و) لە زمانی کوردیدا جارێک بە دەنگی (و)ی عەرەبی دەژمێردرێت و بڕگەی درێژ درووست دەکات و جارێک بە زەممە (ُ) لێکدەدرێتەوە و بڕگەی کورت درووست دەکات.

٤. ڕەمەڵی هەشتی مەخبونی مەبتور

فاعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فَعْلن

ـ ﺎ ـ ـ // ﺎ ﺎ ـ ـ // ﺎ ﺎ ـ ـ // ـ ـ

یان

فعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فَعْلن

ﺎ ﺎ ـ ـ // ﺎ ﺎ ـ ـ // ﺎ ﺎ ـ ـ // ـ ـ

نمونە:

**قیمەتی ماچی دووسەد کیسەیی ساغە و نیمە**

**غەیری یەک کیسەیی سەد پارە لە گیرفانمدا... لا ٦٩**

کەرتکردنی:

**قیـ مە تیـ ما // چیـ دوو سەد کیـ // سەییـ سا غەو // نیـ مەھ**

**غەیـ ریـ یەك کیـ // سە ییـ سەد پا // رە لە گیر فا // نمـ دا**

**٥. ڕەمەڵی هەشتی مەخبونی مەحزوف**

فعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فَعَلن

ﺎ ﺎ ـ ـ // ﺎ ﺎ ـ ـ // ﺎ ﺎ ـ ـ // ﺎ ﺎ ـ

نمونە:

**لۆمەیی (نالی)یی دێوانە مەکەن ئەی عوقەلا**

**ئەمە موددێکە زەدەی لەتمەیی دەستی پەرییە... لا ٤٨٧**

کەرتکردنی:

**لۆ مە ییـ نا // لیـ یـ دێ وا // نە مە کەنـ ئەیـ // عو قە لا**

**ئە مە مود دێ // کە زە دەیـ لەتـ // مە ییـ دەسـ تیـ // پە ریـ یە**

**٦. ڕەمەڵی هەشتی مەخبونی مەقسور**

فعلاتن // فعلاتن // فعلاتن // فَعَلان

**لـا لـا ــ ــ // لـا لـا ــ ــ // لـا لـا ــ ــ // لـا لـا ــ**

نمونە:

**سۆفییان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن**

**لە کن ئەو دێمییە وشکانە لە دەریا نییە باس... لا ١٩٠**

کەرتکردنی:

**سۆ فیـ یان ها // تـ نە مەجـ لیسـ// وە رە قیـ دیـ // دە بـ شۆن**

**لە کـ نەو دێ // میـ یە وشـ کا // نە لە دەر یا // نیـ یە باس**

**٧. ڕەمەڵی شەشی سەحیحی مەحزوف**

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلن

**ــ لـا ــ ــ // ــ لـا ــ ــ // ــ لـا ــ**

نمونە:

گەر نییە ئاور لە سینەمدا بە تاو

بۆچ لەبەر قوڵقوڵ غەریقی ئاوم ئەز... لا ١٨٠

کەرتکردنی:

**گەر نیـ یەه ئا // ور لە سیـ نەمـ // دا بە تاو**

**بۆچ لە بەر قوڵـ // قوڵـ غە ریـ قیـ // ئا وـ مەز**

**٨. ڕەمەڵی شەشی مەقسور**

فاعلاتن // فاعلاتن // فاعلان

**ــ لـا ــ ــ // ــ لـا ــ ــ // ــ لـا ــ**

نمونە:

**زولفی جەڕڕاڕی سەفاسەف خستە پێش**

**یەعنی زەنگی لەشکری قیرووسییان... لا ٢٦٥**

کەرتکردنی:

**زولـ فیـ جەڕ ڕا // ڕیـ سە فا سەف // خسـ تە پێش**

**یەعـ نیـ زەنـ گیـ // لەشـ کـ ریـ قیـ // روو سیـ یان**

**٩. ڕەمەڵی شەشی مەخبوونی مەحزوف**

فعلاتن // فعلاتن // فَعَلن

ںا ںا ـ ـ // ںا ںا ـ ـ // ںا ںا ـ

نمونە:

**گێل ئەگەر تورکی تەعال ئەر عەرەبی**

**بێ ئەگەر کوردی ئەگەر فورسی بیا... لا ٩٩**

کەرتکردنی:

**گێلـ ئە گەر تور // کیـ تە عالـ ئەر // عە رە بیـ**

**بێـ ئە گەر کور // دیـ ئە گەر فور // سیـ بـ یا**

## سێیەم ــ دەریای موزاریع

**کێشی بنەرەتی لەم دەریایە بەم شێوەیەیە:**

مَفاعیلن فاعِلاتن مَفاعیلن فاعِلاتن

**١. موزاریعی هەشتی ئەخرەبی سالم**

**مفعول // فاعلاتن // مفعول // فاعلاتن**

**ـ ـ ںا // ـ ںا ـ ـ // ـ ـ ںا // ـ ںا ـ ـ**

**نمونە:**

**تۆ نەوشکوفتە وەردی من مایلم بە زەردی**

**تۆ هەمسەرت نەسیمە من هەمدەمم لەهیبە ... لا ٣٢٤**

کەرتکردنی:

**تۆ نەو شـ // کوفـ تە وەر دیـ // من ما یـ // لمـ بە زەر دیـ**

**تۆ هەمـ سە // رتـ نە سیـ مە // من هەمـ دە // ممـ لە هیـ بە**

**٢. موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف**

مفعول // فاعلاتُ // مفاعیلُ // فاعلن

ــ ــ لـا // ــ لـا ــ لـا // لـا ــ ــ لـا // ــ لـا ــ

نمونه:

**روو زەرد و وشك و خائیب و خاسیر ببێ عەدوو**

**واسیل ببم به ڕەحمەتی بارانی مەقبەره ... لا ٣٥٨**

کەرتکردنی:

روو زەر دو // وشـ کو خا ئیـ // بو خا سیر بـ // بێ عه دو

وا سیلـ بـ // بمـ به رەحـ مه // تیـ با را نیـ // مەقـ به ره

**٣. موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسور**

مفعول // فاعلاتُ // مفاعیلُ // فاعلان

ــ ــ لـا // ــ لـا ــ لـا // لـا ــ ــ لـا // ــ لـا ــ

نمونه:

**ئێستەش به رەنگ و باره عەلەم داری شێخ هەباس**

**یا بێ نەواو و بەرگه گەڕاوه به شەخسی عوور ... لا ١٥٠**

کەرتکردنی:

ئێسـ تەشـ به // بەر گو با ره // عه لەمـ دا ریـ // شێخـ هه باس

یـا بێـ نه // وا وو بەر گـه // گـه ڕا وەه به // شەخـ سیـ // عوور

## چوارەم ـــ دەریای موجتەس

کێشی بنەرەتی لەم دەریایه:

مستفعِلن فاعِلاتن فاعِلاتن   مستفعِلن فاعِلاتن فاعِلاتن

بەڵام له شیعری کوردیدا زێتر به هەشت پێ بەکارهێنراوه و زیاتر مەخبوونه

**١. موجتەسی هەشتی مەخبونی مەکفوفی مەقسور**

مَفاعِلنْ // فَعِلاتُ // مَفاعِلنْ // فَعِلان

لـا ــ لـا ــ // لـا لـا ــ لـا // لـا ــ لـا ــ // لـا لـا ــ

نمونه:

**وەکو نەهاری بەهاری درێژ و پاییزی کورت**

**ئەمەل گەلێك و تەویل و عەمەل کەمێك و قەسیر ... لا ١٦٩**

کەرتکردنی:

وە کو نە ها // ریـ بە ها ریـ // دـ رێـ ژو پا // ییـ زیـ کورت

ئە مەلـ گە لێـ // کو تە ویـ لو // عە مەلـ کە مێـ // کو قە سیر

**٢. موجتەسی هەشتی مەخبونی مەکفوفی مەبتور**

مَفاعِلنْ // فَعِلاتُ // مَفاعِلنْ // فعْلنْ

لـا ـ لـا ـ // لـا لـا ـ لـا // لـا ـ لـا ـ // ـ ـ

نمونە:

**لە شەرحی هەیئەتی مەتنی بەدەن کە هەر جوزئی**

**سەقیمە عاجزە تەسحیح و رابیتی تەدبیر ... لا ١٧١**

کەرتکردنی:

لە شەر حیـ هەیـ // ئە تیـ مەتـ نیـ // بە دەنـ کە هەر // جوز ئیـ

سە قیـ مە عـا // جـ زە تەسـ حیـ // حو را بیـ تیـ // تەد بیر

## پێنجەم-دەریای بەسیت

کێشی بنەرەتی لەم دەریایەدا:

مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن

(بەلام لە شیعری کوردی دا هەمیشە مەتوییە [ مسْتفْعِلنْ C مفْتَعِلنْ ] .) [٢]

**١. بەسیتی هەشتی مەتوی سالم**

مفتعلن // فاعلن // مفتعلن // فاعلن

ـ لـا لـا ـ // ـ لـا ـ // ـ لـا لـا ـ // ـ لـا ـ

نمونە

**ئەی تەلەفی گفتوگۆ جامیعی کزب و درۆ**

**واعیزییە ئیشی تۆ عاشقییە کاری من ... لا ٢٧٥**

کەرت کردنی:

ئەيـ تە لە فيـ // گفـ تو گۆ // جا ميـ عيـ كيز // بو د رۆ

وا عيـ زيـ يە // ئيـ شيـ تۆ // عا شيـ قيـ يە // كا ريـ من

## شەشەم-دەرياى رەجەز

كێشى بنەرەتى لەم دەريايە:

مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن

[1]. رەجەزى هەشتى مەتويى مەخبون

مفتعلن // مفاعلن // مفتعلن // مفاعلن

ـ U U ـ // U ـ U ـ // ـ U U ـ // U ـ U ـ

---

[2]. ئەحمەد هەردى ـ عەرووز لە شيعرى كورديدا ـ دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم ـ سلێمانى ـ ٢٠٠٩.ز ـ بڕوانە لا ٢١٤

نمونە:

**بەندە ئەزەل بە خەتتى خۆى قابيلى قيسمەتى بووە**

**ئێستە بە ئيقتيزاى عەمەل جێگەيى خۆى تەلەب دەكا ... لا ٧٤**

كەرتكردنى:

بەنـ دە ئە زەلـ // بە خەتـ تيـ خۆى // قا بيـ ليـ قسـ // مە تيـ بو وە

ئێسـ تە بە ئيقـ // تيـ زايـ عە مەلـ // جێ گە ييـ خۆى // تە لەبـ دە كا

## حەوتەم-دەرياى تەويل

كێشى بنەرەتى لەم دەريايە:

فعولن مفاعيلن فعولن مفاعيلن

**[1]. تەويلى هەشتى سالم، عەرووز و زەرب مەقبوز [3]**

فعولن // مفاعيلن // فعولن // مفاعلن

U ـ ـ // U ـ ـ ـ // U ـ ـ // U ـ U ـ

نمونە:

شَواني سُلَيْماني صَباي بيرْمَسورَكيْ

كِواني قَرَهْ داغْ هَواي دارِ زَرْدِهِ ... لا ٣٣١

کەرتکردنی:

شَـ وا نـي // سُـ لَيْـ ما نـي // صَـ باي بيژ // مَـ سو رَ كيْ

كِـ وا نـي // قَـ رَهْ دا غُ // هَـ وايْ دا // ڕ زَرْ دِ هِ

ئەم شیعرە ئاوێتەیەکە لە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی، **((تاکە شیعرە لە ئەدەبی کوردیدا بەم کێشە نووسرابێت))** . [٤]

---

٣. عەرووز و زەرب مەقبوز واتە دواهەنگاوی هەردوو نیوەدێرەکە تووشی قەبز هاتوون و پیتی (ی) لە (مفاعیلن) قرتێنراوە و بووە بە (مفاعلن)، بڕوانە: ئەحمەد هەردی ــ عەرووز لە شیعری کوردیدا ــ لا ٢١٢

٤. هەمان سەرچاوە لا ٢١٢

**٢. سەروا**

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە دیوانەکەی نالی دا، سەرجەمی شیعرەکانی بە سەروای ستوونی یەکگرتوو هۆنیوەتەوە، لەگەڵ بوونی چەند دێری تاک، ئەمیش لە هەردوو جۆری سەورای سەربەخۆ و پاش سەروا، بۆیە وەک دوو بەشی جیا باسی لێوە دەکەین .

**یەکەم-سەروای سەربەخۆ** (**قورس**)

بەر لە خستنە ڕووی نمونە بۆ پراکتیک کردنی ئەم تەوەرەمان (سەروا)، دەمەوێ هەندێک ڕاوبۆچوونی نووسەران لە بارەی پێکهاتەی سەروای سەربەخۆوە بخەمە روو کە دەیکەین بە بنەمایەک بۆ جیاکردنەوەی جۆری سەرواکان:

١.وەک چۆن دەنگە بزوێنەکان لە زمانی کوردی دا ڕۆڵی دروست کردنی بڕگەیان هەیە بە هەمان شێوە دروست کردنی سەروا لە شیعردا لە ئەستۆ دەگرن، د. دڵشاد عەلی لەم بارەیەوە دەڵێت **((نەبزوێن بە تەنها ناتوانی قافیە پێک بهێنی ئەگەر بزوێنێکی لەگەڵدا نەبێت واتە دەبێ بزوێنی پێش نەبزوینەکان وەک یەک بن نەک هەر نەبزوێنەکان خۆیان))** ٥، واتە جۆری سەروا لە ڕووی پێکهاتنەوە دەبێت بە پێی دەنگە بزوێنەکان دیاری بکرێت و جیابکرێنەوە لە یەکدی، بەم بارەش بێت ئەوا سەروای شیعری کوردی تەواو جوودا دەبێت لە سەروای شیعری عەرەبی، چونکە بە لای عەرەبەوە سەروا لە پیتی رەوی پێک دێت و زۆرجار لە دەنگە نەبزوێنەکانە .

٢.د. حەمە نووری لە بارەی دەنگە زیادەکانەوە دەڵێت **((ئامراز و نیشانەکانی مۆرفۆلۆژی کە دەچنە سەر وشەکان نابنە قافیە، بۆ نمونە نیشانەی کۆی (ان) لە وشەی ژنان لەگەڵ وشەی کوران هەروەها نیشانەی ناسراوی (ەکە) لە وشەی چاوەکە لەگەڵ دەمەکە نابێتە قافیە))**٦، جگە لە بۆچوونەکەی د. حەمە نووری، هەندێک سەروا هەن کە لە بڕگەیەک زیاتر پێکهاتوون، بۆ

جیاکردنەوەی جۆری سەروا لەم بارەدا بزوێنی بڕگەی یەکەم وەردەگرین وەک یەکەم بڕگەی مۆسیقی و ئەوانی تر وەک پاشکۆیەکی مۆسیقی لێی دەروانین .
٣.لە هەندێک سەروای شیعرەکان دا دەبینین لە بڕگەیەک زیاتر پێک هاتووە و بڕگەی یەکەمی

---

٥.ئاڤان عەلی میرزا ـ چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا ـ نامەی دکتۆرا ـ ٢٠٠٨.ز ـ لا ١٧.
٦.حەمە نووری عومەر کاکی ـ شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ـ چاپخانەی تیشک ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٨.ز ـ لا ٨٣

بە بزوێنی (i) بزرۆکە درووست بووە، لەم بارەدا بزوێنی بڕگەی دواتر بە سەروا دەست نیشان دەکەین، ئەمەش بە هۆی سستی و لاوازی ئەو بزوێنەیە لە زمانی کوردیدا، چ لە ڕووی دەربڕینەوە یاخو لە ڕووی ڕێنووسەوە کە دیار نییە، وەک لەم دێرە شیعرەی نالی دا ئەم حاڵەتە دیارە:

**پەچەیی پەرچەمی یو پرچی سیا**
**هەردەڵێی مانگە شەوە کوڵمی تیا ... لا ٩٧**

وشەی سەروای دێرەکانی تری ئەم شیعرە بریتین لە (زیا، گیا، حەیا، قیا، بیا، چیا، ریا، ژیا)، ئەگەر تێبینی بکەین سەروای سەرجەم دێرەکان لە دوو بڕگە پێک هاتوون، بزوێنی بڕگەی یەکەمیان بزرۆکەیە جگە لە دێری چوارەم کە بە بزوێنی کورتی (ە) بزواوە، وە بزوێنی بڕگەکانی دووەمیان بزوێنی درێژە (ا)ە، بۆیە لەم شیعرەدا بزوێنی (ا) وەک سەروا دیاری دەکەین، **(هەروەها د. ئاڤان عەلی میرزا لە نامەی دکتۆراکەی (چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا) سەروای ئەم شیعرەی بە بزوێنی (ا) دەست نیشان کردووە)** ٧ .
لێرەدا ئەو خاڵانەی وەک تێبینی باسمان لێوە کرد دەیکەین بە بنەمایەک بۆ دیاری کردنی سەروای شیعرەکان و لە هەرجۆرێک چەند نمونەیەک دەخەینە ڕوو .

**بزوێنی** (ا)

**١. بزوێنی (ا) بە تەنها:**

بزوێنی (ا) جگە لەو شیعرەی لە تێبینییەکان دیاریمان کرد لە دوو شیعری تری نالی بە تەنها ڕۆڵی درووست کردنی سەروای بینیوە، یەکەمیان:

ڕیشەکەی پان و درێژە بۆ ڕیا خزمەت دەکا
زاهیرە هەرکەس بە عەرز و توڵی ڕیشیدا ریا ... لا ١٠١

وشەی سەروای دێرەکانی تر بریتین لە (وەفا، سیا، تا، ئەژدەها، بەها، نەما)، دەبینین لەم شیعرەدا بزوێنی (ا) بە تەنها بووە بە پێکهێنەری سەروای شیعرەکە، شیعری دووەم:

**ئەی جیلوەدەری حوسن و جلەوکێشی تەماشا**
**سەر رشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە حاشا ... لا ٥٥**

-------------

٧.ئاڤان عەلی میرزا ـ چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا ـ نامەی دکتۆرا ـ ٢٠٠٨.ز ـ بڕوانە لا ٢١.

وشەی سەروای دێرەکانی تر بریتین لە (بەخشا، شەهەنشا، مەعاشا، رەشاشا، ماشا، ئینشا) .

**٢.(ا + نەبزوێن) وەک:**

ا + ت

**ماتەم وەکو زولفەینی سییەهـ گرتی سەراپات**
**پۆشی لە ڕووخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات ... لا ١٠٨**

وشەی سەروای دێرەکانی تری ئەم شیعرە (ئافات، خەسارات، شەهلات، بالأت، فات، مولاقات، ئاوات، موناجات، لەززات، خەرافات، هات، موهابات، بانات، سەماوات، موحەییات، میئات، تاسات، عادات))

ا + ح

**ساقی وەرە ڕەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقداح**
**بەم ڕاحە لەسەر ڕاحە دەڵێن ڕاحەتی ئەرواح ... لا ١٣٢**

وشەی سەروای دێرەکانی تر (میسباح، توففاح، میفتاح، تیمساح، ئەفراح، ئیلحاح)

ا + ر

**ئیلتیقای پۆڵاو و ئاسن هەر نیزاعە و گیر و دار**
**جەمعی مائ و نار و زەند و زەندەوو مەرخ و عەفار ... لا ١٣٧**

وشەی سەروای دێرەکانی تر (مار، هەزار، ئابشار، ئاشکار)

ا + ق

**قوربان مەحاڵە پێکەوە بن سەبر و ئیشتیاق**
**خاریج لە نەسسی ئایەیە تەکلیفی (لا یطاق) ... لا ٢٠١**

وشەی سەروا لە دێرەکانی تر (فیراق، نیفاق، تەڵاق، سماق، فاق، میحاق، سوقاق))

**٣. (ا + برگەیەک یان زیاتر) وەک**

ا + دا

**تاتایی سەری توڕڕەیی پڕ پێچشی بادا**
**هەر تایەکی بارێکی گوڵ و نافە بە بادا ... لا ٦١**

وشەی سەروای دێرەکانی تر (بادا، سەمادا، سوهادا، نادا، فسادا، فەنادا، هومادا)، ئەگەر تێبینی بکەین، بە لابردنی بڕگەی (دا) لە هەر یەک لەو وشەی سەروایانە ئەوا وشەکان خاسیەتی سەروایی بزر ناکەن بەڵکو وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد مۆسیقای سەروا لە یەکەم بڕگەوە دەست پێدەکات، تێبینی دووەممان لەسەر ئەم شیعرە لە دێری دووەم سەروا هەمان سەروای نیوەی یەکەمی دێری یەکەمە، ئەم دووبارەکردنەوەیەی سەروا شتێکی ئاساییە لە نێوان نیوەدێری یەکەم لە دێری یەکەم و یەکێ لە دێرەکانی تر، (ئەم دیاردەیەش لای فارسەکان پێی دەوترێ ـ رد القافیە) ٨ ، ئەم دوبارەبوونەوەیە لە هەندێک لە شیعرەکانی نالی بەرچاو دەکەوێت.
ا+وا

**جەنانی وەک جینان کردم بە ماوا**
**(حەبیبە) ی (مالیاوا) ماڵی ئاوا ... لا ١٢٢**

وشەکانی قافیە بریتین لە (ماوا، ئاوا، فەتاوا، زاوا، داوا، ئاوا)، بە گەرانەوە بۆ خاڵی دووەم لە تێبینییەکان و دیاریکردنی یەکەم بڕگەی مۆسیقی بە سەروا، ئەوا بە لابردنی بڕگەی (وا) لە وشەی سەرواکان هیچ کەمووکورییەک لە ڕووی مۆسیقی سەرواوە ڕوو نادات ئەگەرچی واتای وشەکان بزر دەبن بەڵام مامەڵەکردنمان لەگەڵ دەنگدا بە دوورستتر زانی لە بەشی سەروا وەک لەگەڵ وشە.
ا + یەوە، وەک:

**گەرمی و تەریی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە**
**پشکۆی گوڵاتەشین بە نەسیم بوو گەشایەوە ... لا ٤٥٣**

وشەکانی تری سەروا بریتین لە (گەشایەوە، کرایەوە، نەمایەوە، ژیایەوە، رشایەوە، دایەوە، توایەوە، زایەوە، گەڕایەوە، حەسایەوە، نایەوە) ٠

---

٨. ئاڤان عەلی میرزا ـ چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا ـ نامەی دکتۆرا ـ ٢٠٠٨.ز ـ بڕوانە لا ٢٧،٢٨.

ا + نمدا

**جۆشش و تابە لە نێو دیدەیی گریانمدا**
**چ تەنوورێکە لە تەندوورەیی تۆفانمدا ... لا ٦٧**

وشەی سەروای دێرەکانی تر (سامانمدا، ئەفغانمدا، سۆزانمدا، گیرفانمدا، فنجانمدا، دیوانمدا، نیشانمدا)

ا + لا

**يا بَدْرِ عُلُوَاً و چَياءً و كمالا**

**فالغصن مع الاصل الى فرعِكَ مالا**

**تا سونبولی زولفت له نیهانی قەدت ئاڵا**

**من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی باڵا ... لا ٨٩**

وشەی سەروای دێرەکانی تر بریتین له (جەمالا، لالا، زوالا، موتاڵا، کاڵا، واڵا، مالا، ئاڵا)

ا + رەت

**چاوت له برۆ یەعنی له ژێر تاقی نەزارەت**

**بێ پەردە عەیان دێته تەکەللوم به ئیشارەت ... لا ١١٥**

وشه سەروای دێرەکانی تر (وەزارەت، زیارەت، سەدارەت، فه تەوارەت، کەفارەت)

ا + ڵم

**ماچی دەمەکەی دامێ که دامێ سەرو ماڵم**

**بنواره چ سەییاده چ جەللادی به حاڵم ... لا ٢٣٣**

وشەی سەروای دێرەکانی تری (خاڵم، بماڵم، دالم، ئەناڵم، ئاڵم)

ا + تان

**ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم له لاتان**

**له مەزڵومان بڵا چۆڵ بێ وڵاتان ... لا ٢٥٩**

باقی وشەی سەروای دێرەکانی تر بریتین له (وڵاتان، قەزاتان، خوداتان، سوپاتان، خانەزاتان، ڕیاتان)

ا + هن

**ئەم تاقمه مومتازه کەوا خاسەیی شاهن**

**ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن ... لا ٢٧٨**

وشەی سەروای دێرەکانی تری (ماهن، کولاهن، ئیلاهن، نیگاهن، سیاهن، گیاهن، گوناهن، راهن، ئاهن، جاهن)

ا + چین

**برۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین**

**ئەمەنده چینه قوربان پێم بڵێ چین ... لا ٢٨٣**

سەرواى دێڕەكانى ترى ئەم شيعرە (تا چين، نەوا چين، چرا چين، لاچين، پاچين)

ا + ییێكە، وەك:

**سەرى هەر موى بەدەنم تەرزە تەمەنناییێكە**

**گەردشى تووكى سەرم  دووكەڵى سەوداییێكە  ... لا ٤٦١**

وشەى سەرواى دێڕەكانى تر بريتين لە (تەماشاییێكە، مەعنایێكە، هەودایێكە، دنیاییێكە، بایێكە).

ا + يە

**بيستم لە هەموولايە مەيلى شەڕو دەعوايە**

**سەودا لەسەرمدايە، باكم چ لەغەوغايە  ... لا ٥٦١**

وشەى سەرواى دێڕەكانى تر بريتين لە (تەمەننايە، نايە، ..........) ٠

ا + وە

**زوڵفت بە قەدتدا كە پەرێشان و بڵاوە،**

**ئەمڕۆ لە منى شيفتە ئاڵۆزو بە داوە  ل٥٣٢**

وشەى سەرواى دێڕەكانى تر بريتين لە (نەماوە، خاوە، هەتاوە ، نەكشاوە ، شكاوە، ڕژاوە ، ڕژاوە، ئاوە، لاوە) .

ا + رم

**حەنايى كردووە پەنجەى بە خوێناوى دڵى زارم**

**ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ كە كوشتەى دەستى دڵدارم ... لا ٢٧١**

وشەى سەرواى دێڕەكانى تر بريتين لە (بێزارم ، بێدارم ، بيمارم، يارم ، هاوارم، خونكارم، بريندارم، يارم ) .

**ا + رى ، وەك:**

**ئەى خەستەيى چاوت هەموو ئاهويى تەتارى**

**وەى بەستەى زوڵفت هەموو شێرانى شكارى ... لا ٦٤٧**

وشەى سەرواى دێڕەكانى تر بريتين لە (بەهاريى ، ياريى ، پارى، بارى، كەنارى )

**بزوێنی کورتی** (ە)

لە دوای بزوێنی درێژی (ا)وە زۆرترین جار بزوێنی کورتی (ە) ڕۆڵی درووست کردنی سەروا دەبینێ، بەڵام وەک بەتەنها ڕۆڵی درووست کردنی سەروای نەبینیوە بەڵکوو زیاتر بە پاشکۆوە .لێرەدا چەند نمونەیەکی لێ دەخەینە ڕوو.

**١. (ە + نەبزوێنێک)**

ە + ب

**زولفەینی بە خەم مار و بە حەڵقەن وەکو عەقرەب**

**شیعری لەف و نەشرن چ موشەووەش چ مورەتەب ... لا ١٠٥**

سەروای دێرەکانی تری ئەم شیعرە (لەبالەب، موخاتەب، سەب، مەشرەب، مورەککەب، کەوکەب، موجەڕڕەب)

ە + ت (ط)

**مووی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەت**

**شۆرە شەت یەعنی کە تێیدا خود بە خود قەل بوو بە بەت ... لا ١٩٦**

وشەی سەروای دێرەکانی تر بریتین لە (خەت بە خەت، غەلەت، سەقەت، موختەلەت، نەمەت، نوقەت، شەمەت، وەسەت)

وشەی سەروای ئەم شیعرە هەموو عەرەبین بۆیە دوا پیتی سەرواکان (ط)یە نەک (ت)

ە + ر

**سەیلی هیجرت بەردی بنچینەی لە ڕەگ هێنامە دەر**

**باری فیکرت قەددی راستی تێشکاندم وەک فەنەر ... لا ١٦٤**

وشەی سەروای دێرەکانی تر بریتین لە (جگەر، چەمەر، بەسەر، سەر، دەر، بەشەر، کەر، نەزەر)

ە + ق

**چییە گوارە گوناهی وا بە نەستەق**

**بە گوێ هەڵتا وەسیوە سەر موعەللەق ... لا ٢٠٤**

وشەی سەروای دێرەکانی تر (رەق، موتەووەق، موتلەق، ناحەق، شەق)

ە + م

**فاتیحە تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم**

**موددەتێکی زۆرە پاتەختە لە بۆ خاقانی غەم**

وشەی سەروای دێڕەکانی تر (عەجەم، ستەم، جەم، عەدەم، بەقەم، قەلەم، عەلەم)

**٢. (ە + بڕگەیەک یان زیاتر)**

ە + ردا

**ئەستێرە هەموو مەحوە لە نێو نووری قەمەردا**
**یا شەمسی جەمالت چەوی گێراوە بەفەردا ... لا ٥٨**

وشەی سەروای دێڕەکانی تر (لە سەردا، لەبەردا، بەسەردا، بەشەردا، تەڕدا، نەزەردا، لە کەمەر دا، سەحەردا)

ە + ودا

**تەبەسسوم دەردەخا حوققەی دەم و جەوهەر لە نێو ئەودا**
**بەڵێ مسقاڵە زەڕڕە تێی زاهیرە جیلوەی لە پرتەودا ... لا ٦٥**

وشەی سەروای دێڕەکانی تر (سەودا، جەودا، مەودا، شەودا، خوسرەو دا، خەودا)

ە + وبە

**ساقی بە مەیی کۆنە لەسەر عادەتی نەو بە**
**بشکێنە بە یەک نەوبە دوو سەد ماتەمی تەوبە ... لا ٣٢١**

وشەی سەروا لە دێڕەکانی تری (ئەو بە، جەدەو بە، قەڵەو بە، جەڵەو بە، خەو بە، نەوبە)

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم شیعرەدا ئەوەیە کە سەروای هەموو دێڕەکان کاری داخوازییە لە چاوگی (بوون)ەوە جگە لە سەروای دێری یەکەم (تەوبە) و سەروای دێری کۆتایی کە (نەوبە)ەیە .

ە + لم

**لایقی مەخزەنی تەبعە هەموو کەنزی غەزەلم**
**قابیلی زەربی رەواجە زەر و زیوی مەسەلم ... ٢٣٥**

سەروای دێڕەکانی تر لەم شیعرە بریتین لە (قەلم، جەدەلم، ئەمەلم، کەسەلم، حییەلم، عەسەلم، شەلم، عەمەلم)

ە + رزە

**سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە**
**دەڵێی عاسی بووە لەو جێگە بەرزە ... لا ٣٦٩**

سەروای دێڕەکانی تر (تەرزە، شەرزە، لەرزە، هەرزە)

ه + سێکم

**شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم**

**مەشغوڵی نەفەس گرتنی موشکین نەفەسێکم ... لا ٢٣٠**

سەروای دێرەکانی تر لەم شیعرەدا (قەفەسێکم، بولهەوەسێکم، مەرەسێکم، رەسێکم، نەفەسێکم، مەگەسێکم، دادرەسێکم)

بزوێنی (وو، و)

بزوێنی (وو) لە سەروای دێرەکانی شیعری نالی بە تەنیا بوونی نییە

**١. (وو + نەبزوێنێک)**

وو + ت

**مەکە ئیخلافی ئەو وەعدەی کە فەرمووت**

**دەخیلت بم کە خانەی سەبرەکەم سووت**

وشەی سەروا لە دێرەکانی تر (ڕووت، جووت، تابووت، دەپشکووت، بازووت، یاقووت، مەهبووت)

ئەم سەروایە (وو + ت) لە دوو شیعری تری نالی بوونی هەیە .

وو + ر

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور**

**ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور**

سەروای دێرەکانی تر لەم شیعرەدا (حوزوور، تەنوور، غوروور ...هتد)

وو + س

**سابوونی کەففی پێیە کەفی زاری چاپلووس**

**خاسییەتی رەققی هەیە نەرمی زوبانی لووس ... لا ١٩٣**

وشەی سەروای دێرەکانی تر (فەیلەقووس، ئابنووس، لووس و پووس، خەرووس، عەبووس، تورڕەنووس)

وو + ک

**ئەی شۆخی بێ نیاز و گران ناز و غەمزە سووک**

**تیری موژەت نیشانەیی دڵ کون دەکا بە نووک ... لا ٢٠٦**

وشەی سەروای دێڕەکانی تر بریتین لە (سولووک، چرووک، گوڵووک، تووک، مولووک، بووک، نووکە نووک، مەکووک، پووک، بچووک)

**٢. (وو + بڕگەیەک یان زیاتر)**

وو + تن

**ڕەقیب و موددەعی فیتنە و عیلاقەی چاوی جادووتن**
**لە گۆشەی گۆشەوارەت نائیبی هارووت و مارووتن ... لا ٢٦٧**

وشەی سەروای دێڕەکانی تر (ڕووتن، پشکووتن، جووتن، سووتن، تووتن، جادووتن)

وو + من

**ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بوومن**
**موشکیل بگەنە ساعیدی شاهێکی وەکوو من ... لا ٢٧٠**

وشەی سەروا لە دێڕەکانی تر (زەقوومن، موومن، ڕوومن، دوو من)

وو + رە

**لە دڵدا ئاتەشی عەشقت بلێسەی میسلی تەندوورە**
**شەتی ئەشکم نەبێ مانیع دەسووتێم دەبمە کۆی نوورە ... لا ٣٣٤**

وشەی سەروا لە دێڕەکانی تری (توورە، مەغرورە، سوورە، شاپوورە، دوورە، مەکسوورە، مەعموورە)

وو + رێکە

**بە مەرگی خۆت قەسەم زاهید هەموو عومرت عبوورێکە**
**مەقام و مەنزڵت ئاخر لە کن جەمعی قووبرێکە ... لا ٣٧٧**

وشەی سەروا لە دێڕەکانی تری ەم شیعرە (توورێکە، بلوورێکە، غوروورێکە، خوتوورێکە، سورورێکە)

وو + سییان

**ئەهلی تەعدادی مەحاسین نووسییان**
**خاڵ یەک و زولفی دووان، هەردوو سییان ... لا ٢٦٤**

وشەی سەروای دێڕەکانی تر (هیندووسییان، قیرووسییان، سییان، ناموسییان، لووسیان، ڕووسییان، جاسووسیان)

بزوێنی (ۆ)
ئەم بزوێنە وەک پێکهێنەری سەروا لە شیعرەکانی نالیدا لە سنوورێکی کەم دایە
١. (ۆ) بە تەنها
**زولفت کە لەسەر روو بە خەم و تابشە ئەمڕۆ**
**دوودی سییەهی عوودە لەسەر عاریزی پشکۆ ... لا ٣١٥**
وشەی سەروای دێرەکانی تری ئەم شیعرە بریتین لە (ئەستۆ، ئەبرۆ، شەوبۆ، هێرۆ، تۆ)

٢. (ۆ + نەبزوێنێک)
ۆ + م
**وەی کە ڕوو زەردی مەدینە و ڕووسییاهی مەککە خۆم**
**دەرکراو و دەربەدەر یا رەب دەخیلی عەفوی تۆم ... لا ٢٤٤**
وشەی سەروا لە دێرەکانی تری ئەم شیعرە (دەشۆم، بۆم، دەڕۆم، دەستەمۆم، بخۆم، بۆم، درۆم، بخۆم، رۆم)

ۆ + ی
**گوڵ کە یاغی و دەم دڕاو بوو کەوتە لاف و رەنگ و بۆی**
**باغەبان گوێی گرت و وا هێنای بە دەستی بەستە بۆی ... لا ٥٧٥**
وشەی سەروا لە دێرەکانی تر (خۆی، شۆی، سۆی، بۆی، برۆی، گفتوگۆی، دیدەجۆی، دەنکە جۆی، دەشۆی)

**٣. (ۆ + بڕگەیەک یان زیاتر)**
ۆ + شم
**عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**
**زۆرم وت و کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم ... لا ٢٢٨**
وشەی سەروا لە دێرەکانی تری ئەم شیعرە (کۆشم، نەخۆشم، خۆشم، دەپۆشم)

بزوێنی (ی)
بزوێنی (ی) وەک پێکهێنەری سەروا بە تەنها نییە .
١. (ی + نەبزوێنێک)
ی + ر
**شەوی بەهاری جوانی خەوێ بوو پڕ تەشویر**
**لە فەجری پاییزی پیری بەیانی دا تەعبیر ... لا ١٦٧**

وشەی سەروا لە دێڕەکانی تری (زیر، تەقسیر، پیر، ...هتد)

ی + م

**لەبت میم و قەدت ئەلف و زولف چیم**

**ئەزانی بەم سییانە تاڵبی چیم ؟ ... لا ٢٥٥**

وشەی سەروای دێڕەکانی تر (تەسلیم، رۆییم)

**٢. (ی + بڕگەیەک یان زیاتر)**

ی + نن

**خەندە و دەمی مەحبووبە کەوا زۆر نمەکینن**

**بەس خۆشە ئەگەر خۆ نمەکی زەخم و برینن ... لا ٢٧٦**

وشەی سەروا لە دێڕەکانی تری (دینن، چینن، چینن، سرینن، یەمینن، بڕفینن، دینن)

ی + بە

**دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە**

**وەبزانە خوێنی خۆمە یا مینەتی رەقیبە ... لا ٣٢٤**

وشەی سەروای دێڕەکانی تری ئەم شیعرە (بیبە، لەهیبە، دڵ فریبە، مەهیبە، موسیبە، نەسیبە، شەقی بە، لەبی بە)

جگە لەم شیعرە سەروای (ی + بە) لە شیعرێکی تریش بوونی هەیە

ی + قی

**ساقی وەرە مەیخانەیی دڵ کۆنە رەحیقی**

**گەر مایلی تەوفی حەرەم و بەیتی عەتیقی ... لا ٥٤٤**

وشەی سەروای دێڕەکانی تر (حەقیقی، عەقیقی، تەریقی، سەلیقی)

بزوێنی (ێ)

بزوێنی (ێ) تەنها لە چوار شیعری نالیدا سەروای پێکهێناوە .

١. بەتەنها

**تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ**

**دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیێ دەپشکوێ ... لا ٥٨٠**

وشەی سەروا لە دێڕەکانی تر (جوێ، موێ، ناڕوێ، هۆردوێ، بوێ، توێ، نادوێ)

٢. (ێ + نەبزوێنێک)

ێ + ژ

**هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر تەی کەری هەوراز و لێژ**

**سینە پان و مووچە کورت و شانە بەرز و گوێ درێژ ... لا ١٨٣**

وشەی سەروای دێرەکانی تر لەم شیعرە (درێژ، نەچێژ، نەڕێژ، کرێژ، ڕێژ، گێژ، نەوێژ، گێژ و وێژ، بێ نوێژ، گوێ درێژ)

٣. (ێ + بڕگەیەک یان زیاتر)

ێ + ژم

**دەورانییە وەک هێلەکی سەودا سەری گێژم**

**بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم ... لا ٢٢٤**

وشەی سەروای دێرەکانی تر (درێژم، دەنێژم، دەڕێژم، نوێژم، دەنێژم)

ێ + وان

**لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان**

**بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان ... لا ٢٦٣**

وشەی سەروا لە دێرەکانی تری ئەم شیعرە (کێوان، پێوان، پەشێوان، لێوان)

**دووەم-پاش سەروا**

لەم تەوەرەیان دا ئەو کەرەستە زمانیانە ئەخەمە ڕوو کە نالی وەک پاش سەروایەک بەکاری هێناون، نالی لە کۆی (١٢٧) شیعردا (٣٢) پاش سەروای بەکارهێناوە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە

- ناو لە (١) شیعر دا
- جێناو لە (٢) شیعردا
- کار لە (٢٠) شیعردا
- وشەی ڕێز و بەگەورەکردن لە (١) شیعردا
- وشەی پرس لە (١) شیعردا
- گرێی ناوی لە (١) شیعردا
- گرێی ئاوەڵکاری لە (٤) شیعردا
- ڕستە لە (٢) شیعردا

**١. ناو وەک پاش سەروا:**

**عیشقت کە مەجازی بێ خواهش مەکە ئیللا کچ**
**شیرین کچ و لەیلا کچ، سەلما کچ و عەزرا کچ ... لا١٢٦**

لەم شیعرەدا وشەی (کچ) وەک ناوێک ڕۆڵی پاش سەروا دەگێڕێت و لە هەموو دێرەکان دووبارە دەبێتەوە .

**٢. جێناو**

جێناو وەک پاش سەروا لە دوو شیعری نالی دا بوونی هەیە جارێک (م + ئەز) و جارێک (من)

**خاو و بێ خاوی دو زولفی خاوم ئەز**
**چاوەچاوی یەک غەزالە چاوم ئەز ... لا ١٨٠**

~~~~~~~~~~

دووری لە من خستەوە بێ سەبەبێ یاری من
باری خودایە کە تۆ بگری سەبەبکاری من ... لا ٢٧٢

**٣. کار**

لە (٢٠) شیعری نالی دا کار ڕۆڵی پاش سەروا دەبینێت چ لە ڕووی کات و جۆرەکانییەوە بێت یان ئەرێنی و نەرێنی بێت .

**ڕوخم ڕەنگینی ڕەنگی ڕوومەتی ڕەنگینتە بازا**
**قەدی سەروم کەمانینی قەدی شیرینتە بازا ... لا ٧٢**

لەم شیعرەدا وشەی (بازا) پاش سەروایە و بە واتای (وەرە) دێت .

~~~~~

**تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی لە عەدەن وا دەکا ... لا ٨١**

~~~~~

**هەرچەندە کە عومری خدر و جامی جەمت بوو**
**چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو ... لا ٣٠٠**

**٤. وشەی ڕێز**

**کە تۆ قیبلەی دەمت سا بێنە قوربان**
**لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان ... لا ٢٥٧**

**٥. وشەی پرس**

**گەر بازی نەزەر بازی لەم دەست و نیگارەت چی**
~~~~~

**بۆ یاریی و دەسبازی لەم ڕاو و دیارەت چی ... لا ٥٣٤**

**٦. گرێی ناوی**

**موساوی وەک یەک و لوولن لە هەردوو لاوە زولفەینی**

**نمونەی عەکسی حەرفی میم و نوون و واوە زولفەینی ... لا ٥٦١**

لەم شیعرەدا پاش سەروا لە گرێیەکی ناوی پێک هاتووە، ناوێک و دوو دیارخەر بەم شێوەیە

ناو + نیشانەی جووت (موسەنا) + جێناو

زولف + ەین + ی

**٧. گرێی ئاوەڵکاری**

**شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو**

**کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو ... لا ٣١٨**

لەم شیعرەدا سەروا گرێیەکی ئاوەڵکارییە، لە (ئەم) و (شەو) پێکهاتووە

**نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ**

**نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ ... لا ٣١٢**

پاش سەروا لەم شیعرەشدا گرێیەکی هاوەڵکاری چۆنییە، لە (بێ) و (تۆ) پێک هاتووە

**٨. ڕستە**

ڕستە لە دوو شیعری نالی دا پاش سەروا پێک دێنێت .

**کە تۆ هاتی لە نەومیدی نەما باس**

**لە هیجر و ئینتیزار ئیدی نەما باس ... لا ١٨٧**

**~~~~~~~~~~**

**لە کن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیوولا نییە باس**

**لە حیکەم پەروەریی بووعەلی سینا نییە باس ... لا ١٩٠**

**تەوەری دووەم-ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی نالی**

بە شێوەیەکی گشتی لە شیعرەکانی نالی دا ئەتوانین سێ بنەما دیاری بکەین کە ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی پێک هێناوە، ئەوانیش (دووبارەکردنەوە، کەرتکردن، سازان)ە، کە هەریەکێ لەم بنەمایانە بوونە بە مایەی ڕەوانی دەربڕین و بەخشینی ئاوازێکی جوان و قشت بە دەقە شیعرییەکانی، لەم تەوەرەدا یەک یەک نمونە بۆ ئەو بنەمایانە دەهێنینەوە .

**١.دیاردەی دووبارەکردنەوە،** کە لە دوو ئاستی زمانی دایە

**یەکەم / دووبارەکردنەوە لە ئاستی دەنگ دا**

**١. دەنگی بزوێن:** ئەمیش بە دووبارەکردنەوەی چەندجارەی دەنگێکی بزوێن لە دێر یان نیوە دێردا درووست دەبێت، وەک لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

بزوێنی (ا)

**لێم حەرامە دانەو و ئاوی حەماماتی حەرەم**

**من کە بازی دیدەبازم نەک شەوارەی دەستەمۆم ... لا ٢٤٦**

دەبنین لەم دێرە شیعرە دا بزوێنی (ا) پینج جار لە نیوەی یەکەم دووبارە بۆتەوە و سێ جاریش لە نیوەی دووەم، کە بۆتە مایەی بەخشینی ئاوازێکی سەنگین بە دێرەکە .

هەروەها لەم دێرەدا:

**تەلبیسی نییە ئەو کەسە دێوانەیی رووتە**

**بێچارە نەما غەیری حەیاتێکی لەبەردا ... لا ٥٩**

دووبارەکردنەوەی چوار جاری بزوێنی (ا) لە نیوەی دووەم بە هەمان شێوە ئاوازی بە دیوی ناوەوەی ئەم دێرە شیعرە بەخشیوە .

بزوێنی (ە)

**دەستم کە بە سەد وەعدە لە سەد جێگە شکاوە**

**جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ ... لا ٣١٦**

لەم دێرە بزوێنی (ە) دە جار لە نیوەی یەکەم و دە جاریش لە نیوەی دووەم دووبارە بۆتەوە، کە بۆتە مایەی درووست کردنی ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعرەکە .

بزوێنی (ی)

**زەڕڕاتی عوکووسی کەششی میهری جەلالن**

**وا دێن و دەچن سەرزەدە سولتان و شەهەنشا ... لا ٥٦**

بزوێنــی (ی) لە نیــوەی یەکەم دا پێــنج جــار دووبــارە بــۆتەوە و ئــاوازی نــاوەوەی دێــرەکەی درووست کردووە
هەروەها لەم دێرەدا
**ساقی وەرە مەیخانەیی دڵ کۆنە رەحیقی**
**گەر مایلی تەوفی حەرەم و بەیتی عەتیقی ... لا ٥٤٤**

بزوێنی (ێ)
**یا توربەتێ یا غوربەتێ بارێ بشکێنین**
**هەر مونتەزیرە نالی ئەگەر مرد و ئەگەر ما ... لا ٩٥**
دووبارەکردنەوەی بزوێنی (ێ) لە نیوەی یەکەمی ئەم دێرە بۆتە هۆی دروست کردنی ئاوازی ناوەوە .

بزوێنی (و)
**لە نێو ریگی ڕەوانی قوم نوقوم بوو وشتر و بوو گوم**
**نەما گوێی بیستنی قوم قوم چ جای ئیمکانی هەستانە ... لا ٤٠٤**
لە نیــوەی یەکەمــی ئەم دێــرە هەشــت جــار بزوێنــی (و) دووبــارە بــۆتەوە و ئــاوازی نــاوەوەی دێرەکەی پێک هێناوە .

٢. **دەنگی نەبزوێن،** دووبارەکردنەوەی دەنگی نەبزوێن بە هەمان شێوەی دەنگە بزوێنەکان ڕەگەزێکی تری مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی نالی یە، ئەمەش چەند نموونەیەکە:
٣.
نەبزوێنی (ق)
**رەققیێتی تەن و ڕیققەتی دڵ روقبەتی تاعەت**
**مەخسوسی رەقیب بۆ لە منی خەستە رقی بوو ... لا ٣٠٨**
لەم دێرەدا دەنگی (ق) حەوت جار دووبارە بۆتەوە و ئاوازی ناوەوەی دێرەکە پێک دێنێت .

دەنگی (س)
**شەبەهی زولفی شەبەهـ گۆنەیە رووگەردانی**
**بە سەری ئەو کە بە سەودا سەر و سامانم دا ... لا ٦٧**

دەنگی (ش)
**شەرەر و تابش و بارش لە دەمی رەعدی بەهار**

**ئەسەری سۆزشی گریانە لە ئەفغانم دا ... لا ٦٨**

بە دووبارەبوونەوەی دەنگی نەبزوێنی (ش) لە سێ وشەی دوابەدوای یەک بۆتە هۆی درووست کردنی ئاوازی ناوەوەی ئەم دێرە شیعرە .

هەروەها لەم دێرەش دا:

**بەو ڕەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سییەهـ زەر**

**لەم قەلبە کە وەک بەردە ڕەشە ڕوششە ڕەشاشا ... لا ٥٧**

دەنگی (د)

**دڵ موزمەحیلی دەردە وەکوو دیدە لە نمدا**

**حەیران و پەرێشانە وەکو قەترە لە یەمدا ... لا ٧١**

**٣. دەنگی کۆنسنانت یان دوو دەنگە،**

ئەمەش بە دووبـارەکردنەوەی دوو دەنـگ لە نـاوخنی وشــەدا پێـک دێـت کە ئـاواز بە دێـرە شیعرەکان دەبەخشێ وەک لەم دێرانەدا دەرەکەوێ:

**نەباتاتی زەوی وەک مونزەوی هاتوونە دەر یەعنی**

**هەموو سەرخۆش و مەست و ڕۆژپەرست و عاشقی ڕووتن ... لا ٢٦٨**

هەروەها لەم دێرە:

**گوڵ کە یاغی و دەم دڕاو بوو کەوتە لاف و ڕەنگ و بۆی**

**باغەبان گوێی گرت و وا هێنای بە دەستی بەستە بۆی ... لا ٥٧٥**

دووبـــارەبوونەوەی دوو دەنگـــی (س، ت) لە نـــاوخنی ئەو وشـــانەی ســـەرەوەبوونە بە هـــۆی بەخشینی ئاوازێکی سووک بە دێرە شیعرەکان

لەم دێرەش دا:

**پەچەیی پەرچەمیی و پرچی سییا**

**هەردەڵێی مانگە شەوە کوڵمی تیا**

دەنگەکانی (پ، چ) بە دووبارەبوونەویان لە سێ وشەی جودا دا هۆکارن بۆ درووست کردنی ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعرەکە .

**مونەججیم کەر گەس و لاشەی لە لا شەیئێکە ،نەیزانی**

**کە ئەم ئەفلاکە چەند لاکە کە ئەم گەردوونە چەند دوونە ... لا ٤٣٠**

لەم دێرەشدا هەردوو جووت دەنگی (کە، لا) چەند جارێک دووبارە بۆتنەوە و ئاوازی ناوەوەی دێرەکەیان پێک هێناوە .

**دووەم / دووبارەکردنەوە لە ئاستی وشە و یەکەی گەورەتر:**

ئەم جۆرەیان لە دووبارەکردنەوە زیاتر پەیوەستە بە هەندێک لایەنی هونەرەکانی جوانکاری وشـــەیی لە زانســـتی ڕەوانەبێــژی دا وەک (هـــاوبێژی، دوابەســـەر، پـــاتکردنەوە) هەروەهـــا دووبارەکردنەوەی رەمەکیش کە ئاوازی ناوەوە درووست دەکات .

**١. هاوبێژی**

هاوبێژی واتە هێنانەوەی دوو وشە یان زیاتر بە واتای جیاجیا لە دێرە شیعرێکدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆی دا هۆکارێکە بۆ درووست کردنی ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعرەکە، بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە (هاوبێژی تەواو، هاوبێژی ناتەواو)

- **هاوبێژی تەواو / وەک لەم نمونانە دەرەکەوێ:**

**بێ سەروی ڕەوانم کە لەبەر ئەشکی ڕەوانم**

**خەرقە بووەتە غەرقە کەوا سەوزە لەبەرما ... لا ٩٣**

لەم دێرەدا (ڕەوان) دووجار دووبارە بووتەوە و هەریەکە مانایەکی هەیە، جاری یەکەم بە واتای ڕێکەر (جاری) دێت و جاری دووەم بە واتای ڕوون

هەروەها لەم دێرەدا:

**سرۆشکم ئاب و دانەی نارە کێ دی**

**بە گەرمی داوەرێ بەم تەرزە تەرزە ... لا ٣٦٩**

وشەی (تەرزە) جارێک بە واتای (جۆر) هاتووە و جارێک بە واتای تەرزەی داباریو هاتووە،

هەروەها لەم دێرەدا:

**ئەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهد و وەفاتە**

**چوو ساعیقەیی بەردی عەجوز و گوڵ و مولأ هات ... لا ١٦٤**

لێرەدا (وەفـات) بە دوو واتـا هـاتووە، جارێـک بە واتـای مـردن و جارێـک گرێیەکـی نـاوییە لە (وەفا+ت) درووست بووە .

هەروەها لەم دێرەدا:

**دوێنێ چ بوو دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت**

**ئەمڕۆ نە دەمت بوو نەدەمت بوو نەدەمت بوو**

لەم دێرەشدا ڕستەی (نە دەمت بوو) سێ جار دووبارە بووەتەوە بە سێ واتای جیاواز دووبارەبوونەوە لەو نمونانەی سەرەوە هۆکارێکن بۆ درووست کردنی ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعرەکان، کە هەموو لە دەچنە خانەی هاوبێژی تەواوەوە .

- **هاوبێژی ناتەواو، وەک لەم نمونانەدا دەرەکەوێ:**

**تۆ باقییەیی ساقییەیی سەحنی چەمەن بە**
**مەیدان هەمو مەی دانە بە تاسات و بە کاسات ... لا ١٦٤**

لەم دێرەدا سێ هاوبێژی تێدایە لە نێوان وشەکانی (باقییەیی-ساقییەیی، مەیدان-مەی دان، تاسات-کاسات) کە هەر دانەیەکیان بۆ خۆی ئاوازێک دروست دەکات بۆ دێرە شیعرەکە لە ئاستی ناوەوە

یان لەم دێرەدا:

**گول هاتەدەرێ لافی لە حوسنی بوتی مادا**
**لەرزی قەدی بەرزی لە ڕقا زولفی کە بادا ... لا ٦٢**

هاوبێژی لە نێوان (لەرزی، بەرزی) لەم دێرەدا ئاوازی ناوەوەی پێک هێناوە .

هەروەها لەم دێرە:

**دەم دەم کی دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە**
**بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گۆ یا دەمی نادا ... ٦٣**

هاوبێژی لە نێوان هەردوو وشەی (زاری، ئازاری) لە نیوەی یەکەم دا ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعرەکەی دروست کردووە .

ئەمەش چەند نمونەیەکی ترە لە هاوبَێژی ناتەواو:

**ئەی شۆخی بێ نیاز و گران ناز و غەمزە سووک**
**تیری مووژەت نیشانەیی دڵ کون دەکا بە نووک ... لا ٢٠٦**

**وەها سەقیم و موجەززا عەوامیلی ئەجزا**
**کە ئالەتی عەمەلی نەحوی مەحوی سەحوی زەمیر ... لا ١٧٤**

**مرووری نەکسە کە عەکسی قەمەر دەکا بە رەمەق**
**دەبوولی نیکسە دەگێرێ کە عەکسی ریش بە شیر ... لا ١٧٠**

**دیدەم هەموو شۆراوە بە شۆراوی سروشکم**
**لەم لەوحە نیگارینە نە عەین و نە ئەسەر ما ... لا ٩٤**

لە هەریەک لەو نموونانەی سەرەوە هاوبێژی ناتەواو لە نێوان وشەکان بوون بە هۆکاری دروست کردنی ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعرەکان

۲. **دوابەسەر:** لەم جۆرەدا دەبینین شاعیر وشەیەک لە سەرەتای دێرە شیعرەکان یان لە ناوخنی دێرەکان دێنێتەوە و لە کۆتایی دێرەکە دووبارەی دەکاتەوە بە هەمان واتا، کە ئەم دووبارەکردنەوەیەش هۆکارێکە بۆ درووست بوونی ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعر .
نمونە:

- **سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بووم و ئەمێستاش**
  **قوربان دەمی تۆ خۆش کە نەماوە سەری خۆشم ... لا ۲۲۹**

لەم دێرەدا وشەی سەرخۆش لە سەرەتا و لە کۆتایی دێرەکە دووبارە بۆتەوە، وەلێ لە سەرەتاوە وشەیەکی لێکدراوە و لە کۆتایی گرێیەکی ناوییە. ئەم دووبارەکردنەوەیەش ئاوازی سەرەتا و کۆتایی دێرەکەی چوون یەک کردووە .

- **سپی نەزیرە هەموو موو لە سیرری (وجهُ) لەسەر**
  **مونەووەرە لە تەرەف نوورەوە بووە بە نەزیر ... لا ۱۷۰**

دووبارەکردنەوەی وشەی (نەزیر) لەم دێرەدا وەک دوابەسەر هۆکارێکە بۆ درووست کردنی ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعرەکە .

- **شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو**
  **کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو ... لا ۳۱۸**

لەم دێرەش دا دووبارەکردنەوەی وشەی (شەو) لە سەرەتاو لە کۆتایی دێرەکە بووەتە هۆی درووست بوونی ئاوازی ناوەوەی دێرەکە، کە دەچێتە چێوەی دوابەسەرەوە .

- **شەو بۆیی سەری سونبولی زولفی لە سەری دام**
  **ئێستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەیی شەوبۆ ... لا ۳۱۷**

لەم دێرەشدا وشەی (شەوبۆ) لە سەرەتاو لە کۆتایی دێرەکە هاتووە، کە لە یەکەمدا ترازاوە و لە دووبەش پێک هاتووە (هاوەڵکات و ناو)، لەوی دووەمیان هەمان واتایە بەڵام بە لێکدراوی، ئەمەش بۆتە هۆی درووست بوونی ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعرەکە .

۳. **پاتکردنەوە:** دەشێت دووبارەکردنەوەی وشەیەک یان زیاتر لە دێرە شیعرێکدا بە مەبەستی پاتکردنەوە و تەوکید بێت، کە ئەم دووبارەکردنەوەیەش جۆرە ئاوازێکی ناوەوە درووست دەکات بۆ دێرە شیعرەکان، وەک لەم نمونانەدا دەرەکەوێت:

- **پێم دەڵێن مەحبووبە خێل و قێچە مەیلی شەڕ دەکا**
  **خێل و قێچە یا ترازووی نازی نەختێ سەر دەکا ... لا ۸۳**

لەم دێـرەدا ئەم گـرێ نـاوییە (خێـل و قـێچە) دووبـارە بـۆتەوە و ئـاوازی نـاوەوەی درووسـت کـردووە، بەڵام ئەبـێ تێبینـی ئەوە بکەیـن کە جـاری دووەم لە بـاری پرسـیار و سەرسـورمان هاتووە، واتە پاتکردنەوەکە حاڵەتێکی پێچەوانەی وەرگرتووە .

- **هەرچەندە کە ئینسانە لەبەر چاوی من و تۆ**
  **مومکین نییە ئەم لوتفە لە ئینسان و بەشەردا ... لا ٥٩**

لەم دێرەش دا دووبارەکردنەوەی وشەی (ئینسان) وەک پاتکردنەوەیەک بووە بە هۆی درووست کردنی ئاوازی ناوەوەی دێرەکە .

٤. دووبـارەکردنەوەی ڕەمەکی، دەشـێت هەنـدێک جـار دووبـارەکردنەوە بە شـێوەیەکی ڕەمەکی بێت و هیچ پەیوەست نەبێت بە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە، بەڵکوو تەنها بۆ درووست کردنی ئاوازێکی جوانە لە دێرەکەدا، وەک لەم نموونانەدا دەرەکەوێت:

- **شادمانی بێ وەفایە، یاری تێری و مەستییە**
  **یاری تەنگانەم غەمە با هەر غەمی خۆم خۆم بخۆم ... لا ٢٤٨**

لەم دێرەدا (خۆم) سێجار دووبارە بۆتەوە، دووجاری یەکەم جێناوی خۆییە و ئەوی تریان کاری دانانییە لە چاوگی خواردنەوە، ئەمەش بۆتە هۆی درووست بوونی ئاوازی ناوەوەی دێرەکە .

- **دیدەو و دڵ هەردوو وا جۆبارە جۆیای قەددی تۆ**
  **سەروی دڵ جۆی عەرعەر و دڵ جۆی نەمامی دیدە جۆی ... لا ٥٧٨**

لەم دێرەشدا وشەی (جۆی) کە بە واتای پشکنین و گەران دێ، لە نیوەی دووەم سێجار دووبارە بۆتەوە و دراوتە پاڵ دڵ و دیدە، کە ئەمیش ئاوازی ناوەوەی دێرەکەی درووست کردووە .

- سَهْم الأَلِف القَدِّ فقدْ صادَ فؤادي
  صادَ هُوَ منْ عَيْنِهِ قدْ صادَ فَسادا ... لا ٦٣

لەم دێرەشـدا وشـەکانی (قد، صـاد) هەردانە و سـێجار دووبـارە کراونەتەوە، کە بـوونە بە هـۆی درووست کردنی ئاوازی ناوەوەی ئەم دێرە شیعرە

- **ڕوخم ڕەنگینی ڕەنگی ڕوومەتی ڕەنگینتە بازا**
  **قەدی سەروم کەمانینی قەدی شیرینتە بازا ... لا ٧٢**

وشەی ڕەنگ لە نیوەی یەکەمی ئەم دێرە سێجار دووبـارە بۆتەوە و ئـاوازێکی جوانی بەخشـیوە بە دیوی ناوەوەی دێرەکە .

**٢.دیاردەی کەرتکردن**

کەرتکردنی دێر یان نیوە دێر بنەمایەکی ترە لە درووست بوونی ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی نالی، بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانین بیکەین بە دوو بەشی جوداوە (کەرتکردنی دێر، کەرتکردنی نیوە دێر) .

**یەکەم-کەرتکردنی دێر**

لەم جۆرەدا دێرەکان دابەش دەبن بەسەر چوار بەشی جوودواە، کە سێ بەشی یەکەم سەروایەکی یەکگرتوویان دەبێت و بەشی چوارەم پەیرەو لە سەروای شیعرەکە دەکات، وەک لەم نمونانەدا دەردەکەوێت:

- **<u>تۆتیی تۆ لە حیرسی دڵ</u> <u>داوی تەمەع دەکاتە مل</u>**

  **<u>بولبولی من لە عەشقی گوڵ</u> <u>تەغنییەو و تەرەب دەکا</u> ... لا ٧٦**

ئەگەر تێبینی بکەین لەم دێرەدا چوار کۆپلە بەرچاو دەکەوێت بەم شێوازە:

تۆتیی تۆ لە حیرسی دڵ

داوی تەمەع دەکاتە مل

بولبولی من لە عەشقی گوڵ

تەغنییەو و تەرەب دەکا

دەبینین سێ پارچەی یەکەم هەمسەروان کە ئەمەش ئاوازێکی بە دیوی ناوەوەی دێرەکە بەخشیوە .

- **<u>ئەو چاوە غەزاڵە</u>** فەتەراتی سەرو ماڵە

  **<u>ئەو نەرگسە کاڵە</u> نە منی هێشت و نە کالاّ ... لا ٩١**

هەروەها لەم دێرەشدا چوار پارچە کراوە بە سەروای (اڵە) ڕازێنراوەتەوە و ئاوازی ناوەوەی پێ درووست کراوە .

- مووسونبولی ئاشوفتە دوڕ دانەیی ناسوفتە

دەم غونچەیی نەشکوفتە تێفکرە کوڕە یا کچ ... لا ١٢٨

بە هەمان شێوە ئەم دێرەش بەش کراوە بەسەر چوار پارچەدا کە دێرەکەی ئاوازدار کردووە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە کەرتکردنە لە شیعرەکانی نالی دا بە شێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە .

**دووەم . کەرتکردنی نیوە دێر**

لەم جۆرە کەرتکردنەدا نیوەدێرەکان بەسەر چەند یەکەیەی بچووکی هەمسەروا دابەش بوونە، وەک لەم نموونانەدا دەر دەکەوێت:

- کەللە وەک جەڕڕەی شەرابی پڕ نیشات و تەڕ دەماغ
  <u>شێری نەڕ</u>، <u>ئاهوویی بەڕ</u>، <u>گورگی سەفەر</u>، <u>قامچی نەچێژ</u> ... لا ١٨٤

نیوەی دووەمی ئەم دێرە کراوە بە چەند پارچەیەکی سەروادار (شێری نەڕ ـ ئاهوویی بەڕ ـ گورگی سەفەر) و ئاوازی ناوەوەی دێرەکەی پێک هیناوە، لە هەمان شیعردا:

- <u>مل عەلەم</u>، <u>شیرین قەڵەم</u>، <u>ئاهوو شکەم</u>، <u>مەیمون قەدەم</u>
  سم خڕ و کلک ئێستر و مەنزل بڕ و عارەق نەڕێژ ... لا ١٨٤

لەم دێرەشدا نیوەی یەکەم کراوە بە چوار پارچەی هاوسەرواوە کە ئاوازی ناوەوەی دێرەکەی دروست کردووە

هەروەها لەم دێرەشدا هەمان هوونەر بۆتە هۆی دروست کردنی ئاوازی ناوەوە:

- <u>بە داوە</u>، <u>کرژ و خاوە</u>، <u>یەعنی ئاڵۆزاوە</u> زولفەینی
  دوو تاو و دوو سیان و شێوەکەی شێواوە زولفەینی ... لا ٥٦١

**٣. دیاردەی سازان**

سازان لە نێوان دوو وشە یان زیاتر لە ناوخنی دێرە شیعردا بنەمایەکی ترە بۆ دروست بوونی ئاوازی ناوەوە لە شیعرەکانی نالی، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین سێ جۆری لێ دیاری بکەین:

**یەکەم . دژیەک**

وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

- **نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا ئەکا**
  **<u>مەعنایی زۆر و گەورە</u> بە لەفزی <u>کەم و بچوک</u> ... لا ٢١١**

لەم دێرەدا دژیەک لە نێوان وشەکانی (زۆر- کەم) و (گەورە-بچوک) ئاوازی ناوەوەی دێرەکەی دروست کردووە، ئەمەش خۆی لە خۆی دا بە هۆی سازانی نێوان ئەو دژیەکانەوەیە لە شیعردا .

- **وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان دەم**
  **کەوا <u>فەقری غینایە</u>، <u>مردنی ژین</u> ... لا** ٢٨٩

لەم دێرەش دا دژ یەک لە نێوان (فەقر، غینا) و (مرن، ژین) هۆکارێکە بۆ دروووست بوونی ئاواز لە دیوی ناوەوەی دێرەکە .

ئەمەش چەند نمونەیەکی ترە لە دژ یەک:

- **عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێ دەگەی**
  **کەچ نەزەر کەی فەرقی** خوار و ژوور و خێر و شەڕ **دەکا ... لا ٨٤**

- کاتیبی <u>خێر و شەڕی</u> عوششاقە بۆ <u>وەسڵ و فیراق</u>
لوتف و قەهری هەر بە جارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا ... لا ٨٥

**دووەم . جووت کردنی وشە**

دەشێت کۆکردنەوە و ڕێکخستنی چەند جووتە وشەیەک ببن بە هۆی درووست کردنی ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعر، وەک لەم نموونانەدا دیارن:

- **چ قەسر و دائیرە و تاقێ تییا تۆ تاقی ئافاتی**
**<u>نەی و موتریب</u>، <u>مەی و ساقی</u>، <u>گوڵ و بولبول</u> هەموو جووتن ... لا ٢٦٨**

لەم دێرەدا جووت کردن لە نێوان (نەی و موتریب، مەی و ساقی، گوڵ و بولبول) ڕیتمێکی ڕێکی بە ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعرەکە بەخشیوە .

- **هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر تەیکەری هەوراز و لێژ**
**<u>سینە پان</u> و <u>مووچە کورت</u> و <u>شانەبەرز</u> و <u>گوێ درێژ</u> ... لا ١٨٣**

لەم دێرەشدا نیوەی دووەم لە هەشت وشە پێک هاتووە کە دوو دوو بە یەکەوە بەستراون و بۆتنە هۆی درووست کردنی ڕیتم و ئاوازەیی ناوەوەی دێرەکە .

- **لادە دەسرۆکەیی هەوری لە جەبین**
**دەرکەوێ <u>شەمس و قەمەر</u>، <u>نوور و زیا</u>... لا ٩٨**

- **عاشقی سونعی حەقم قوربانی ڕەنگی قودرەتم**
**<u>چاوی ماوی</u>، <u>خاڵی شین</u>، <u>کوڵمی سپی</u>، <u>زولفی سییا</u> ... لا ١٠٢**

لەم دوو دێرەشدا بە هەمان شێوە سازان لە نێوان وشەکان بۆتنە هۆی درووست بوونی ئاوازێکی سووک بە دیوی ناوەوەی دێرە شیعرەکان .

**سێیەم . فرێزی تێکرژاو**

هەندێک فرێز کە لە دوو بەش پێک دێن و لە دەنگا وێکچوون، کە دانەیەکیان واتادارە و ئەوی تریان بێ واتایە و ئاوێتە کراون، دەبنە هۆی بەخشینی ئاواز بە دیوی ناوەوەی شیعر، وەک لەم نموونانەدا دیارن:

- **ئەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهد و وەفاتە**
**چوو ساعیقەیی بەردی عەجووز و <u>گوڵ و موڵ</u> هات ... لا ١٦٤**

- **بنوارە بوونی ئەووەڵت و چوونی ئاخیرت**

**هاتی چ لووس و پووس و هەڵاتی چ ڕووت و قووت ... لا ١٩٤**
دەبینین فرێزەکانی (گوڵ و موڵ، لووس و پووس، رووت و قووت) لەم دوو دێرەدا چۆن ئاوازی ناوەوەی دێرەکانیان پێک هێناوە، هەریەک لەو فرێزانە بەشی یەکەمیان واتادارە و ئەوی تریان بێ واتایە .

**ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە**

بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانین چەند خاڵێک تێبینی بکەین لە شیعرەکانی نالی دا لە سنووری ئەم بابەتەوە (ئاوازی شیعری)، کە لێرەدا دەیانخەمە ڕوو :

١.لە نێوان ئاوازی ناوەوە و ئاوازی دەرەوە هاوسەنگییەکی نزیک لە تەواو هەیە لە شیعری نالی دا کە ئەمەش دەگمەنە لە لای شاعیرانی تر .

٢.وشە ئارایی هۆکارێکە بۆ بنیاتی ئاوازەیی لە شیعری نالی دا، کە ئاوازێکی خۆش و شیرینی بە شیعرەکانی بەخشیوە .

٣.پەیرەوکردن لە سەروا و کێش لە لای نالی بە شێوەیەکی زۆر تۆکمە و بێ کەم و کوڕییە، ئەمەش گرنگی ئەو دوو رەگەزەی شیعر نیشان ئەدات بە لای شاعیرانی کلاسیکەوە و بە تایبەت جیلی یەکەم و دووەم .

٤.هونەرەکانی جوانکاری وشەیی لە زانستی ڕەوانەبێژی دەرامەتێکی گرنگە لە بنیادی ناوەوەی ئاوازی شیعری کە نالی تێیدا زۆر وەستایانە و شارەزایانە بەکاری هێناون و بەرجەستەی کردوون لە شیعرەکانی دا .

**لیستی سەرچاوەکان:**

- **کتێبەکان:**

یەکەم ـ بە زمانی کوردی

١.حەمە نووری عومەر کاکی ـ شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ـ چاپخانەی تیشک ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٨.ز

٢.مەلا عبدالکریمی مودەریس، فاتح عبدالکریم ــ دیوانی نالی ـ دەزگای پەخشی چوارچرا ـ ٢٠٠٨.ز

٣.ئەحمەد هەردی ـ عەرووز لە شیعری کوردیدا ـ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ـ سلێمانی ـ ٢٠٠٩.ز

٤.عەلادینی سەجادی ــ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان ـ ٢٠٠٩.ز

٥.ئەحمەد تاقانە ــ رۆچوون بە ناخی هەڵبەست دا ــ دەزگای ئاراس ــ ٢٠١٢.ز

٦.سەنگەر قوباد ـ لە رۆخی رووباری وێژەوە ـ چاپخانەی کارۆ ـ ٢٠١٢.ز

٧.موحسین ئەحمەد مستەفا گەردی ـ بەهاری ڕەوانبێژی ـ چاپخانەی نارین ـ ٢٠١٣.ز

دووەم ـ بە زمانی عەرەبی

١.د.ابراهيم انيس ـ موسقى الشيعر ـ مكتبه الانجلو المصريه ـ گ.٢ ـ ١٩٥٢.م
٢.د. ابراهيم حماده ـ كتاب أرسگو فن الشعر ـ مكتبه الانجلو المصريه ـ ١٩٧٧.م
٣.د.لويس العوچ ـ هوراس فن الشعر ـ گ .٣ ـ ١٩٨٨.م
٤.أميل بديع ـ المعجم المفصل فى علم العروچ والقافيه و فنون الشعر ـ دار الكتب العلميه ـ بيروت ـ ١٩٩١.م
٥.محمود مصگفى ـ عروچ والقافيه ـ الكتب اليقافيه ـ بيروت ـ ٢٠٠٥.م
٦.د.عبدالعزيز عتيق ـ علم العروچ والقافيه ـ دار الافاق العربيه ـ قاهره ـ ٢٠٠٦.م
٧.د. محمد علوان ـ الايقاع فى شعر الحداپه ـ دار العلم و الايمان ـ ٢٠٠٨.م
٨.باول هورن ـ حسين مجيب المصرى ـ الادب الفارسى القديم ـ دار المدى ـ ٢٠١١.م
٩.د. عمر خلوف ـ كن شاعراً ـ نسخه الالكترونيه الاولى ـ اژاعه الشعر ـ ٢٠١٢.م

- **نامە ئەكاديمييەكان**

١.ئاڤان عەلى ميرزا ـ چنينى دەق لە شيعرەكانى نالى دا ـ نامەى دكتۆرا ـ ٢٠٠٨.ز
٢.حەمەنوورى عومەر كاكى ـ شێوازى شيعرى نوێى كوردى ـ نامەى دكتۆرا ـ ٢٠٠٩.ز
٣.ئاسۆ عومەر مستەفا ـ بەها ئيستاتيكييەكانى شيعرى لاى پيرەمێرد و شێخ نورى شێخ صالح و گۆران ـ نامەى ماستەر ـ ٢٠٠٧.ز
٤.ئاوات حسن والى ـ چەمكى شانازى لە شيعرەكانى نالى دا ـ نامەى ماستەر ـ ٢٠١٥.ز
٥.عزالدين سابير ـ شێوازى هۆنراوەكانى شێخ نوورى شێخ صالْح ـ نامەى ماستەر ـ ٢٠١٥.ز
٦.م.زانيار سالْح عەلى ـ بنياتى ئاوازەيى لە شيعرى نوێى كوردى دا ـ نامەى ماستەر ـ ٢٠١٥.ز

- **ڕۆژنامە و گۆڤار:**

١.حاتم الصكر ـ بحپ فى الايقاع و ايقاع الداخلى مجله الاقلام ـ عدد (٥) ـ ١٩٩٠ .م
٢.د. عبدالستار جواد ـ مشكلات نقد الشعر ـ مجله الاقلام ـ عدد (٥) ـ ١٩٩٠ .م ـ ص ٢١.
٣.أ.برباق الربيعه ـ الايقاع الشعرى .دراسه لسانيه جماليه ـ مجله كليه الاداب واللغات .جامعه محمد خيچر . جزائر ـ عدد.٨ ـ ٢٠١١
٤.د.هدى الصحناوى ـ الايقاع الداخلى فى القصيده المعاصره ـ مجله جامعه دمشق ـ المجلد ٣٠.العدد ١+٢ ـ ٢٠١٤.م

- **سەرچاوەى ئەلكترۆنى**

١.سليمان جبران ـ شبه نظريه للايقاع و تگوره فى الشعر العربى ـ موقع الحوار المتمدن ـ ٢٠١٣.م
(٣٧٥٤٥٨aid؟http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp)